بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
112
10 ی تەمووز/ جولای 2025



## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە گرتنی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان!

بۆ لاپەڕە ٣



## مەترسیەکانی سەر کوردەکانی سوریا !

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٧

* پێش و پاش چواردەی تەموز!
عەبدوڵا مەحمود لاپەڕە ...... ٩
* هێرشی رژێمی ئیسلامی ئێران بۆسەر کرێکارانی ئەفغانی!
دەشتی جەمال لاپەڕە...... ١١
* حکومەت و پرسیارە حەتمیەکانی قەوارەی میلیشیایی هەرێم!
ئیبراهیم حسین لاپەڕە ......١٣
* ئاراستەی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران
عوسمانی حاجی مارف لاپەڕە .... ١٤
* دەوڵەت و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا
مەنسوری حیکمەت لاپەڕە ....... ١٦




بۆ لاپەڕە ١٢

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



## تورکیای بێ تیرۆر یان کۆمەڵگای دیموکراسی!؟

موحسین کەریم

لەماوەی دوو رۆژی رابرووردا، پرسی چەکدانانی پەکەکە بەشێوەیەکی کرداری و لە مەراسیمێکی سیمبولیکدا لە کوردستانی عێراق و لە دەڤەری راپەرین، بووەتە بابەتی سەرەکی سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستانی عێراق وتورکیاو بەشێک لە میدیا جیهانیەکان! میدیاکانی پەکەکە خۆشیان ئەو هەواڵەیان پشتراست کردۆتەوە.
دەزگاکانی راگەیاندن باس لەوە دەکەن کە بڕیارە ژمارەیەک چەکداری پەکەکە لەنێوان ٣٠- ٤٠ کەس کە لەناویاندا بەرپرسی پلەباڵای تێدایە، لەرۆژانی ١١و ١٢ ی تەمووزدا، بەئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن و نوێنەرانێک لە حکومەتی هەرێم، حکومەتی عێراق، حکومەتی ئەمریکا، وولاتانی ئەورووپا نەتەوە یەکگرتوەکان و لەژێر چاودێری راستەوخۆی دەزگای میتی تورکیادا، چەکەکانیان بسوتێنن یان بشکێنن، وەکو نیشاندانی نیازپاکی بۆ داواکاری دەوڵەتی تورکیا کە مەرجی سەرەکی دەستپێکردنی ئەوەی ناویان ناوە (تورکیای بێ تیرۆر)، چەکدادانی بێمەرجی پەکەکەیە!
میدیاکانی تورکیا باس لەوە دەکەن کە پرۆسەی چەکداماڵینەکە رەنگە چەند مانگ بخایەنێ. باسیشیان لەوە کردوە کە رەنگە ئەندامانی پلە باڵای پەکەکە بگوازرێنەوە بۆ وڵاتانی سێیەم، لەکاتێکدا ئەو چەکدارانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان نیە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، دوای

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی.......تورکیای بێ تیرۆر یان کۆمەڵگای دیموکراسی!؟

ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی دانرا بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەیان!

ئیبراهیم کالین، بەرپرسی هەواڵگری تورکیا ڕۆژی سێشەممە ٨ ی تەمووز سەفەری هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ تاوتوێکردنی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی و پارتی. هەروەها ناوبراو سەردانی عێراقی کردوە بۆ هەمان مەبەست و لەگەڵ سودانی سەرۆک وەزیراندا کۆبووەتەوە..

ڕۆژی ٩ی تەمووزیش، ئۆجەلان، لەپەیامێکی ڤیدیۆییدا جەختی لەسەر پرسی هەڵوەشاندنەوەو چەکداماڵینی پەکەکە کردەوەو داوای لە سەرکردەو ئەندامانی پەکەکە کرد کە بە پەیامەکەی ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥ی خۆی و بڕیاری کۆنگرەی ١٢ی پەکەکەوە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، پابەندبن. ئۆجەلان دوبارە پێداگری لەسەر ئەوە کردوەوە کە:"کۆتایی بەتەڤگەری پەکەکە دەهێنین کە وەک کاردانەوەیەک لەدژی نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد دەرکەوت و بەئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا ستراتیژییەکەی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی بوو.!"

هەروەها دەڵێ: "پەکەکە دەستبەرداری ئامانجی دەوڵەتی نەتەوە بووە، لەگەڵ دەستبەردان لەو ئامانجە بنچینەییە دەستبەرداری ستراتیژییەتی بنچینەیی شەڕیش بووە، کۆتایی بەهەبوونی خۆی هێناوە"! ئەم پەیامەی ئۆجەلان لە ١٩ی مانگی ڕابردوودا تۆمارکراوەو ئەمڕۆ ٩ی مانگی تەمووز بڵاوکرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی ئۆجەلان، بەپێی هەواڵی میدیاکانی تورکیا ئۆردوگان جەختی لەوە کردۆتەوە کە ”دەبێت چەکداماڵین بێمەرج بێت و گروپەکە بەتەواوی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.“

هەرئەمڕۆش مەزلوم عەبدی بە یاوەری شاندێکی سیاسی لە ئیدارەی خۆسەر، سەردانی دیمەشقیان کردو بەئامادەبوونی نوێنەری ئەمریکاو فەرەنسا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی سوریا کۆبوونەوە بۆ وتووێژکردن لەسەر چۆنیەتی تێکەڵبوونەوەیان لەگەڵ حکومەتی سوریا لەرووی سەربازی و سیاسیەوە.

هەڵبەتە ئێمە لەبونەی جیاوازدا ئاماژەمان بەوە کردوە کە خودی کۆتاییهاتن بەشەڕ و خوێنرشتن لە کوردستانی تورکیا هەنگاوێکی ئەرێنیەو لەکۆتایدا بەقازانجی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیا و خەڵکی تورکیا و کوردستانی تورکیا دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەوەی کە هەمان پرۆسە لەلایەن پەکەکەوە بە پرۆسەی ئاشتی و جێبەجێبوونی مانیفێستی کۆمەڵگای دیموکراسی ناوزەد دەکرێت و لای دەوڵەتی تورکیا بە تورکیای بێ تیرۆر باسی لێدەکرێ، گومانێک لەسەر خودی ئەو پرۆسەیە دروست دەکات.

ئەگەر پرسی ڕیکەوتن و ئاشتیە، ئەوا ڕێکەوتن و ئاشتی لەنێوان دوو لایەندا و لەسەر بنەمای جۆرێک لە سازشکردن بەرامبەر بەیەکتری و قبوڵکردنی هەندێ ئیمتیاز بۆ یەکتری دەکرێ لێکبدرێتەوە. بەڵام تائێستا دەوڵەتی تورکیا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی لەوجۆرەی لەخۆی نیشان نەداوە. ئەمریکا هەربەوەندەی ئەحمەد شەرع ئامادەیی نیشاندا بۆ خزمەتکردن و گوێڕایەڵبوون، ترامپ ئامادەبوو دەست لەناو دەستی بنێ و ڕێکخراوەکەی لە لیستی تیرۆر دەربهێنێ و بگرە پارێزگاریشی لێبکات، بەڵام ئۆجەلان ئەو خزمەتە گەورەیەی بە دەوڵەتی تورکیا کردوە، بەوەی ڕێکخراوێکی چەکداری گەورەی بۆ هەڵدەوەشێنێتەوە چەکی لێدادەماڵێت، کەچی هێشتا وەکو سەرکردەی گروپێکی تیرۆریستی ناوی دەبات و ئامادە نیە وەکو نیشاندانی نیازپاکی ئازادی بکات!

گومان لەوەدا نیە کە بۆ دەوڵەتی تورکیا کۆتایی پەکەکە و بەدوای ئەویشدا پرسی هەسەدە، گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و ئەمنی و بگرە ئابوریشە وەکو هێزێکی ناوچەیی، بەڵام بۆ پەکەکە، خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکدانان، مانای شکستی ستراتیژیەکی سیاسیە کە٥٠ ساڵە پەیڕەوی لێکردووە، ئەویش "ستراتیژی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی" یە "بەئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا! "مانیفێستی کۆمەڵگای دیموکراسی" پاساوێکی تیۆریە بۆ داپۆشینی شکستی ئەو ستراتیژیە! ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئۆجەلان دەیەوێ مانیفێستی کۆمەڵگای دیموکراسیان تێدا بەرجەستەو بەرقەرار بکات، لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتگەلێکی فاشیست و نەتەوەپەرست و کۆنەپەرست و سەرکوتگەردان کە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لەژێرپێدەنێن!! مانیفێستەکەی ئۆجەلانیش بڕیارە لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بچێتە بواری پراتیکەوە!

ئۆکتۆبەر
بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە گرفتی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان!

**ئۆکتۆبەر: بەدوای سەردانەکەی مەسرور بەرزانی بۆ ئەمریکاو ئاشکراکردنی گرێبەستە نەوتیەکان، دواتریش نامەکەی وەزیری دارایی عێراق، تەیف سامی، ڕاگرتنی موچەی موچەخوارانی هەرێمی لێکەوتەوە. لە ئێستاشدا، پرسی موچە بۆتە بابەتێک بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و مشتومڕێکی گەرمی نیوان هەردو حکومەتی هەولێرو بەغدا. بەرادەیەک دوای چەندین جار هاتوچۆی وەفدی هەرولا و کۆبونەوە و قسەکردن لەسەر "ڕەشنوس"ی یەکتر، کەچی هێشتا هیچ ئاسۆیەک بۆ ڕێکەوتنی نیوانیان نیە، سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکی و ئەو دۆخە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ لەکاتێکدا هەردولا پێشتر لەسەر پرسی موچە و شایستەداراییەکان واژۆی ڕێکەوتنێکیان کردووە؟ ئایا ئەم دۆخەی کە هاتۆتە کایەوە هیچ پەیوەندی بەڕوداوەکانی ناوچەکەوە هەیە؟**

خەسرەو سایە: ئەگەر لەبەشی کۆتایی پرسیارەکەوە دەست پێبکەم، بەدڵنیایەوە، سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکی و تەنگژەو مشتومڕەی کە بەم دواییانە لەنیوان هەولێرو بەغدادا، هاتۆتەکایەوە و خۆی لە "پرسی موچە"وە ئالاندووە، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ڕوداوەکانی ناوچەکە و گۆرانکاری لەهاوکێشەی هێزەکاندا بەگشتی و بەتایبەتیش وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەو گرێبەستە نەوتیانەدایە کە مەسرور بارزانی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکاییەکاندا واژۆی کردووە. واتە دۆخکە بەرلەوەی مەسەلەی نەدان و دواخستنی موچەبێت، بەرئەنجامی تێکدانی ئەو هاوسەنگیە لەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا، کەلەلایەن پارتی و حکومەتەکەیەوە بەراگەیاندنی گرێبەستە نەوتیەکان وبەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەستی بۆبرا.

لەم بارەشەوە ئەگەر بەکورتی بڵێم: بەدوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەدو شکستێک کە "بەرەی مقاومەومەت" و ئێران لەعێراق و ناوچەکەدا خواردیان، هاوکات فراوانکردنەوەی جەنگی غەزە لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆسەر ئێران و بەشداری عەلەنی و ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەهێرشەکاندا.. لەلایەک پایەکانی سیستەمی دەسەڵاتداریتی لەعێراقدای بەگشتی لەگەڵ ئەگەری گۆڕانکاری بەرەوڕوو کردوەوە و لەلایەکیتریشەوە، ڕیزی ئەحزابی شیعەو هێزە میلیشیاییەکانی هاوپەیمانی ئێرانی لاواز و سنورداركردەوە. لەسایەی دۆخێکی ئاوادا پارتی حسابی لەسەر ئەوەکرد کە هاوکێشەی هێزەکان بەقازانجی پێگەی خۆی گۆڕاوەو دەتوانێ هەم بەر بەرەوتی ئەو فشارانە بگرێ کە لەدوای تەواوبونی شەڕی داعشەوە لایەنە شیعەکان لەسەر حکومەتی هەرێم دایان ناوە و هەم جارێکیتر توانای "ئازادی مامەڵەکردن" بەنەوت و فرۆشتنی بە کۆمپانیاکان و واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵیاندا، هاوشێوەی سەردەمی "ئابوری سەربەخۆ" بەبێ حسابکردن بۆ بەغدا، بەدەستبهێنێتەوە.

لەوەش زیاتر خودی ئەوەی کە لەسایەی گۆرانکاریەکانی ناوچەکەدا و هەوڵی دەوڵەتان بۆ بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی کورد و گەڕانەوە بۆ پارتی ورۆڵی حکومەتی هەرێم چ لەمامەڵەکردن بەکێشەی کوردەوە لەسوریاو چ لە"بردنەپێشەوەی "پرۆسەی ئاشتیەکەی" نێوان پەکەکا وتورکیادا.. پێگەی پارتی بەئاستێک ڕوو لەسەر بردبوو. هەموو ئەمانەش لەحساباتی پارتیدا ئەوەی لێخوێندرایەوە کەدۆخەکە بەرەو ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دەچێ وئەمەش هاوسەنگی هێز لەدژی بەغدا ولایەنە شیعەکان دێنێتەکایەوە، هەروەها پارتی لەکەنار ئەمەشەوە وای دەبینی کە ئەمریکاو دوڵەتانێکی وەک بەریتانیاو فەرەنسا، بەگەرمی لەسەرهەڵدانی هەر گرژی و ناکۆکیەکی نێوان هەولێرو بەغدادا لەپشتی ڕادەوەستن و دەبنە فشار بەسەر حکومەتی عێراقەوە.

گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکاییەکاندا و گوێزانەوەی پرۆسەی واژۆکردنەکەی بۆ خودی ئەمریکا، دەرهاویشتەیەکی ئەم حسابات و خوێندنەوەیە بوو کەپارتی بۆ دۆخەکە کردبوی. بەڵام لەبەرامبەردا، نامەکەی وەزیری دارایی عیراق، تەیف سامی، دۆخەکەی پێچەوانەکردەوە و حساباتەکەی پارتی ڕاکێشایەوە نێو دەوروەیەکیتر لەدانوسان و هێنانوبردنەوە لەسەر پرسی مووچە.

بەگشتی ئەمە ئەو دۆخەو ئەو چوارچێوەیەیە کە ناکۆکیەکانی هەردوو حکومەتی قوڵتر کردۆتەوە وجەولەی دانوسان وگفتوگۆکانی زیاتر کردووە ئەگەری ڕێکەوتنی دورخستۆتەوە، کە دیارە بەدوای خۆیدا چارەنوسی موچەو سەرفکردنی لەناداریدا دەهێڵێتەوە. بەواتایەکیتر حکومەتی عیراق ئەمجارە فشارو داواو مەرجەکانی لەهەرێم لەجەوهەردا ڕووی لەوەیە کە بەیەکجاری کەیسی نەوت ودەرهێنان و فرۆشتنی لەڕێگای کۆمپانیای سۆمۆوە، لەدەستی حکومەتی هەرێم دەرکێشێ و لەقۆناغیکی دواتریشدا، لەچوارچێوەی دەرکردنی یاسای نەوت وغازدا، هەژمونی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتەکانی جێگیر بکا

و بەکردەوە واتایەک بۆ ئەو ئیمتیازات و ئیختیاراتانە نەهێڵیتەوە کە لە دەستووردا دراوە بە"قەوارەی هەرێم". بۆئەمەش مەسەلەی مووچە و ڕاگرتنی بەشە داراییە مانگانەکانی بۆ حکومەتی هەرێم بەدەستەوە گرتوە و لەبەرامبەریشدا، پارتی و حکومەتەکەی ڕازی نین بەم "تەسلیمکردنە" و بەزیانێکی گەورە لەسەر داهاتوی خۆیان لێکدەدانەوە و لەئەنجامیشدا مەسەلەی مووچەی بەوحاڵە گەیاندووە کە لەئارادایە.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام حکومەتی هەرێم بەغدا بەوە تاوان باردەکات کە پرسی موچەی بەسیاسی کردوە تەنانەت لەددگای فیدراڵ شکاتی کردوە بەوەی کەحکومەتی عیراق یاسا جێبەجێ ناکا و کۆمەڵێک پرۆپاگەندەی تر. لەبەرامبەریشدا بەغدا دەڵیت، هەرێم هەموو شایستە داراییەکانی وەرگرتووە هیچکام لەبەندەکانی ڕیکەوتنی نیوانمانی جێبەجێ نەکردوە؛ لەوانە تەسلیمکردنی نەوت وداهاتی ناوخۆ وبەتەوتینکردنی مووچە.. ڕای ئێوە لەسەر ئەم قسانە چیە وکێ لەسەر هەقە و کێ خەتابارە کە مووچە بەودەردە چووە؟**

خەسرەو سایە: بەبڕوای من تۆمەت و قسەی هەردوولا بەرامبەر بەیەکتر ڕاستەو هەردوولا لەچوارچێوەی ئەو یاریە سیاسیە گڵاوەی کە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لەیەکتر گرتویانەتەبەر، هیچ سنورێکیان نیەو دەست بۆ هەموو ڕێگایەک دەبەن. بەڵام هەردولایان لەبەرامبەر خەڵکدا درۆدەکەن و ئامادەن بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەت و ئامانجەکانیان نانی خەڵک ببڕن و سیاسەتی برسیکردن و بەتاڵکردنەوەی گیرفان و سفرەی بژیویان بگرنەبەر، ئەمەش بەپروپاگەندەی نەتەوەچێتی و بەپەیرەویکردن لەیاساو دەستور، پاساوبدەن. بەواتایەکیتر هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا وەک ئەوەی لەناکۆکی و دژایەتی بەردەوامدان بەرامبەر بەیەکتر، بێگومان هەر بەم پێیەش لەشەرێکی بەردەوامی ڕاگەیاندندان بەرامبەر بەیەکتر و هەرلایەکیش ڕاستیەکانی خۆی بەرامبەر ئەویتر ئاشکرا دەکات. بۆنمونە؛ حکومەتی عێراق ڕاستدەکات کە دەسەڵاتدارانی هەرێم لیستی ناوی مووچەخۆرانی کوردستانیان پڕکردەوە لەناوی ساختەو بندیوار، ڕاستدەکات کە نەوت بە تەنکەرو قاچاخ دەفرۆشێ و کەس نازانێت داهاتەکەی بۆ کوێ دەڕوات، ڕاستدەکات کە لەژێرناوی باجوخەراجدا، ڕۆژانە خەریکی تاڵانی و خاڵیکردنەوەی گیرفان و سفرەی بێرەونەقی خەڵکە، کەچی لەولاشەوە داهاتی ناوخۆ بەنادیاری ڕادەگرێ... لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمیش ڕاستدەکات کە بەغدا مەسەلەی موچەو "شایستە داراییەکانی هەرێم"ی بەسیاسی کردوە، ڕاستدەکات بۆئەوەی سیاسەت و ئامانجەکانی خۆی بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا بسەپێنی، تۆڵە لەژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەکاتەوە، ڕیگای بازرگانی وهێنان و بردنی کاڵا دەگرێ، گەنم وجۆی جوتیاران و بەشە خۆراک و دەرمانی هەرێم زۆر بابەتی تر، بەمەبەستی سەپاندنی هەژمونی خۆی بەکاردێنێ.. هەموو ئەمانەش پێماندەڵێن کە هەردوو حکومەتی عێراق وهەرێم سەرەرای ناکۆکی و پاساوەکانیان، دوو دەسەڵاتی دژە خەڵک و تالانچین و هیچیان لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەتی کۆمەلگادا کارناکەن. ڕاگرتنی موچەو ئەو مامەڵەیەی کە هەردولا بەم پرسەوە دەیکەن، باشترین بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەم دوو حکومەتە بەچ ڕادەیەک لەدژی خەڵکن.

**ئۆکتۆبەر: لەساڵی ٢٠١٤ ەوە خەرجکردنی مووچەی موچەخۆرانی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، یەکێک بووە لە کێشە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان و بەردەوام مووچەخۆران بەگشتی و مامۆستایان بەتایبەتی دژی پێنەدان و گلدانەوەو دواخستنی مووچەکانیان ناڕەزایەتیان ئەنجامداوە. لەسەرێکی تریشەوە ئەوە حکومەتی عێراقە کەحسابی موچەخۆرانی هەرێم وەک باقی شارەکانی عێراق ناکات و هەرجارە بەپاساوێک پارە نانێرێ و کێشەی نەدان و ڕاگرتنی موچەی بەدوادادیت.. بەگشتی کێشەی مووچە بۆتە قەیرانێکی بەردەوام و بێچارە، بەدیاریکراوی هۆکارو ڕیشەی ئەم کێشەیە لەکویدایە؟**

خسرەو سایە: لەڕوانگەی سامان و داهاتی کۆمەڵایەتیەوە، من پێموایە هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا، چ بەتاک و چ پێکەوە، دەتوانن نەک هەر موچەی موچەخۆران دابین بکەن، بگرە لانی کەمی ژیانێکی مسۆگەرو باشبژێوی بۆ هاولاتیانی ژێردەستیان دابین بکەن، چونکە نە لە عێراق و نە لە کوردستان، کەمی سەرمایەو کەمهێنانی بودجە، بەبەراورد بە توانای بەرهەمهێنەری هێزی کارو قەوارەی دانیشتوانی ئامادەبەکار، گرفتێک نیە لەبەردەم حکومەتدا بۆ ڕاپەڕاندن و بەڕیوەبردنی ژیانی کۆمەڵگا. بەڵام وەک لە پرسیارەکەدا هەیە "بەدیاریکراوی هۆکارو ڕیشەی کێشەکە لەکوێدایە؟"، واتە بۆچی مەسەلەی مووچە بووە بەقەیرانێکی بەردەوام؟

بەبڕوای من هۆکارو ڕیشەی ئەم کێشەیە بۆ فیدراڵیزمێکی قەومی وسیستەمێکی دەسەڵاتداریتی دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای دابەشبونی قەومی و ئاینی و تیرەگەری لەلایەن ئەمریکاوە و بەناوی دیموکراسیەوە بەسەر خەڵکی کوردستان و عێراقدا سەپێنرا. فیدراڵیزم و سیستەمێک کە نە ماف و نەواتای واقعی هاوڵاتیبونی یەکسان، بنەمای کارکردو شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دابەشکردنی داهات و سامانە کۆمەلایەتیەکانە، بەڵکو هێزو توانای "پێکهاتە قەومی و ئاینیەکان" و هاوکێشە و هاوسەنگی نیوانیان لەهەر قوناغیکدا پەیوەندیەکان ڕێکدەخا و

بالادەستی هێز و لایەنێک بەسەر هێز و لایەکیتردا دادەسەپێنێ. لەسایەی دۆخێکی واشدا، نە یاسا و نە دەستورو تەنانەت نەریکەوتنی نێوان لایەنەکان، دەتوانێ پایەدارو جیگای کارپێکردنێکی گەرەنتیکراو بێت، بەڵکو لەگەڵ شەپۆلی گۆرانکاری بارودۆخە ناوخۆیی و ناوچەیەکاندا، ئەوانیش دەگۆرێن و ریزبەندی تازەو هەڵکشان و داکشانی پێگەی لایەنەکان گۆرانکاری بەخۆیەوە دەگرێ...

ئەم واقعیەتە بەرۆشنی لەپەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا لەسەردەمی "ئەنجومەنی حوکم" ەوە تائێستا بەرۆشنی دەبینرێت. بۆنمونە لە سەردەمی نوسینەوەی دەستوری عیراق و سەرەتای پێکهاتنی حکومەتی تازەدا، کە حزبە ناسیونالیستە کوردەکان، پێگەو هێزی بالایان هەبوو، رێگەیدا بەپێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و چۆنیەتی تەسەروف بەسەرچاوە سروشتیەکان و مەسەلەی کەرکوک و فرۆکەخانەو خالە سنوریەکان و، هێزی چەکداری تایبەت و کۆمەڵێک ئیمتیازاتی تر لەدەستوردا جێخرا. دوای ئەم دەورەیەش دەستبرا بۆ دەرهێنانی نەوت و ناردنەدەرەوەی لەرێگای تورکیاوە، بەبێ گەرانەوە بۆ عیراق. باسی ریفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ لەم قۆناغەدا ئاماژەکانی هیز هاوسەنگی نێوان ناسیونالیزم و هێزەکانی شیعەو سوننەو و قەومیەکان بوو، لێرەشەوە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەقازانجی دەسەلاتدارانی هەرێم جێکەوتبوو.

بەلام ئەم هاوکێشەیە بەدوای سەرهەلدانی شەری داعش و دواتر کۆتایی شەری موسڵ و شکستی ریفراندۆم و روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پێچەوانە بووەوە و رەوتی پاشەکشەکردن و تەسلیمبوونی ناسیونالیزمی کورد بەسیاسەتی مەرکەزیکردنەوەی دەسەلات لەلایەن شیعەکانەوە سەری هەلدا، لەپرۆسەیەکی ئاواشدا، حکومەتی عیراقی بەمەبەستی بالادەستکردنی خۆی و سەپاندنی هەژمونی زیاتر بەسەر قەوارەی هەریمدا، هەرجارە لەبابەتێکەوە پەیوەندیەکانی نیوان هەریم و بەغدای لەق دەکرد، بۆنمونە جارێک لەسەر فرۆکەخانەو خالە سنوری و گومرگەیاکان، جارێکی تر لەسەر ئەمنیەت و ریکەوتنەکان لەگەڵ تورکیاو ئێراندا، مەسەلە بازرگانیەکان وداهات و بودجەی سالانەو بەشی هەرێم لەبودجەدا، ئینجا دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گاز و.. هەموو ئەم بابەتانە ناوەرۆکی ئەو فیدرالیزم و سیستەمەی کەپەیوەندیەکانی نیوان هەریم و بەغدای لەسەر ریخرابوو، تادەهات لەرزۆک و لەدەرەوەی یاساو دەستور و متمانەی نیوان لایەنەکاندا، دەکەوتە ژێر سێبەری هاوکێشەی هێزو روداوەکانی ناوچەکەوە، تا کار بەوەگەیشت بریاری دادگای پاریس هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی راگرت.. ئەمە لەلایەکەوە دەسەلاتدارنی هەرێمی لەسەرچاوەیەکی داهات دابراندو لەلایەکی تریشەوە دەستی حکومەتی عیراقی ئاوەلاکرد کە لەرێگای پەسەندکردنی بودجەی سالانەوە، مەسەلەی نەوتی هەریم و داهاتەکانی بەبودجەوە گرێبداتەوە.

لەم چوارچیوەیەدا و لەگەڵ سەرهەلدانی قەیرانی ئابوری و دواتریش "کۆرۆنا"، واتە لە ساڵی ٢٠١٤ وە بەدواوە، ئیتر بەکردەوە کێشەی موچە و لیبرین و نەدانی، وەک بابەتێکی گرێدراو بەبودجەی عیراقەوە لەپەیوەندیەکانی نیوان هەریم و بەغدادا بووە گرفتێکی بەردەوام و کەوتە ژێر رەحمەتی هاوکێشە سیاسیەکان و ئەو هەولانەوە کە هێزە بالادەستەکانی شیعە لەراستای مەرکەزیکردنەوەی دەسەلاتدا گرتویانەتەبەر...ئەوەی کە دوومانگە موچە نەدراوەو ئەوەشی کە لەمانگی سێی ئەمساڵدا رێکەوتنی لەسەرکراو ئێستا هەڵیانوەشاندۆتەوە، تەنانەت ئەوەی کە لەنامەکەی تەیف سامیدا هاتووە دەڵێت حکومەتی هەریم هەموو شایستەداراییەکانی خۆی پێدراوە تا کۆتایی ئەمساڵ، بەڵگەن بۆئەوەی کە ئەو سیستەمە حکومرانیەی کە لە عیراقداو بەناوی فیدرالیزمەوە پەیوەندیەکانی هەریم و بەغدای ریکخستوە، لەژێرکاریگەری هاوکێشەی هێزەکاندا گۆراوە و وەک سەرەتای مانگەکانی ئەمسال نەماوە. واتە دوای ئەوەی حساباتی پارتی بەدەستبردن بۆ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکاندا کەوتەوە، ئەوە کاردانەوەی حکومەتی عیراقە، کە بۆ بەرگرتن بە هەولەکانی پارتی کارتی مووچەی بەدەستەوە گرتوە و بەبێ گویدانە بریارەکانی دادگای فیدرال، جارێکیتر موچەی موچەخۆرانی هەرێمی خستەوە نێو ئاستەنگ و قەیرانەوە.. بەبروای من ئەمە ریشەو سەرچاوەی کێشەکەیە.

**ئۆکتۆبەر: بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی باس لەوە دەکەن کە چارەسەر ئەوەیە حکومەتی هەرێم داهاتی نەوتی و نانەوتی رادەستی ناوەند بکات، ئیتر کێشەکە تەواودەبێت. ئایا ئەوە هیچ راستیەکی تێدایە؟**

خەسرەو سایە: لەراستیدا بابەتەکە بۆ حکومەتی عیراق هەر رادەستکردنی "داهاتی نەوت" نیە، بەڵکو هەولدانیەتی بۆ دەرکێشانی مەلەفی نەوت، ئەوەی کە لەئێستادا حکومەتی عێراق داوای تەسلیم کردنی بری ٢٨٠ هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا دەکا و پرۆسەی فرۆشتن و ساغکردنەوەی داهاتەکەی دەستپیریت بە کۆمپانیای سۆمۆ، تەنها سەرەتایەکە لەراستای ئەم هەولانەدا. لەلایەکی تریشەوە داواکاری حکومەتی هەرێم بۆ دیاریکردنی بری ١٢٠ هەزار بەرمیل رۆژانە بۆ پێداویستیەکانی ناوخۆ ودانی هەقی تەسەروف پێوەکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێم خۆیەوە، دیسانەوە نیشانەیە لەوەی کە پارتی و یەکیەتی رازی نین بەتەسلیمکردنی تەواوی مەلەفی نەوت. چونکە ئەمە بەمانای لیدانێکی گەورەیە لەدەسەلاتێک کەناویان

ناوە قەوارەی هەرێم، ئەویش لەدۆخێکدا کە خودی سیستەمی حوکمڕانی لەعیراقدا، لەرزۆک و ناپایەدارەو هیچ زەمانەتێک نادات کە ئەگەر هەموو نەوتەکەش تەسلیم بکەن، چارەنوسی دەسەلات و پێگەی پارتی و یەکیەتی و کۆمپانیاو حکومەتەکەیان بەکوێ دەگات.

"داهاتی نەوتی و نانەوتی" کە باسی لیوەدەکەن، لەحاڵەتی ملدانی حکومەتی هەرێم پێی، جگە لە ڕێکەوتنێکی کاتی ناتوانێ شتێکی زیاتری لێ سەوزببێ و ئەوپەڕی بۆ چەند مانگێک مووچەکان بدرێ، بەلام هەرگیز کێشەی مووچە لەبنەڕەتەوە چارەسەر ناکات، چونکە یەکەم لەرووی داراییەوە مەسەلەی موچە تێکەڵ بەبودجەی سالانەی عیراق و بەشی" شایستە دارایەکانی هەرێم" لەبودجەدا کراوە، ئەمەش بەهۆی فاکتۆری دارایی وهەڵکشان و داکشانی داهاتەکان و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم و داواکانیەوە دەگۆڕدرێ.. دووەم لەڕووی سیاسیەوە لەرزۆکی فیدرالیزم و حوکمڕانی سیاسی کە بەردەوام پاشکۆی گۆرانکاریە سیاسیەکانە لەهاوکێشەی هیزەکاندا، لەگەڵ مانەوەی ناکۆیەکان و چارەسەرنەکردنی مەسەلەکانی وەک دەستور، کەرکوک، یاسای نەوت و گاز، خودی یاسای بودجەی سالانەو بەشی حکومەتی هەرێم و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەم فاکتۆرانە لەسەر پەیوەندیەکانی نیوان هەریم و بەغدا، بەدلنیایەوە کارتی مووچە لەدەستی حکومەتی عیراقدا وەک کارتێکی سیاسی دەهێلیتەوەو هیچ زەمانەتێک نیە کەلایەنە شیعەکان دەستی بۆنەبەن.

بەبڕوای من ئەوەی کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بانگەشەی بۆدەکەن کەگوایە ئەگەر پارتی و حکومەتەکەی داهاتی نەوت و ناوخۆ تەسلیم بکات، کێشەی مووچە چارەسەر دەبێت، لەو روانگەیەوەیە کە فیدرالیزم و سیستەمی حکومرانی لەعیراقدا بە فەرزێکی قەبولکراو و دەستکەوتێک بۆ خەڵکی کوردستان وەرگیراوە و لەم روانگەیەشەوە بەخاڵێکی




ئەرێنی پروپاگەندەی بۆدەکەن. تەنانەت ئەم لایەنانە زۆرجاریش ئاماژە بەوە دەدەن کە حکومەتەکەی سودانی لەقازانجی خەڵکی کوردستانە و دۆستی کوردە!.. گوایە ئەگەر داهاتی نەوتی کوردستانیان تەسلیم بکرێ، ژیانی خەلکی و کوردستان دەبوژێتەوەو خۆشگوزەرانیان بۆدێت، لەکاتێکدا نایانەوێت ئەو دۆخە خراپ ونادادپەروەریە ببینن کە لەشارەکانی عیراقدا بەسەر خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشدا سەپیندراوە و لەئاستیدا خۆیان لەگێلی دەدەن.

**ئۆکتۆبەر: کەوایە چارەچیە؟ خەڵک دەبێ چی بکات بۆ تێپەڕین لەم دۆخە؟**

خەسرەو سایە: کارسازترین چارەسەر ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی ئیستا لەڕێگای خەباتێکی جەماوەری و شۆڕشگێرانەوە بگۆڕدرێت بە سیستەمێکی حکومەتی وا کە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە بەڕێوەببرێ و داهات و سامانی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت ژیان و بژیوی هاوڵاتیانەوە، ئەوپەڕی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لەکۆمەلگادا دابین بکات. سیستەم و حکومەتێک کە مافی هاوڵاتیبونی یەکسان و دابینکردنی مافی ژیان و بژیوی .. سەرچاوەی دەستورو یاساکانی ولات بێت. ئەگەر هێشتا هاوکێشەی هێزی نیوان خەڵک و دەسەلات بەو ئاستە نەگەیشتوە کە ئەم ڕیگاچارەیە بەکردەوە دەربهێنی و لەڕیشەوە کێشەکە چارەسەرکات، ئەوا بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانە، دیسانەوە هاتنەمەیدانی فراوان ویەکگرتوانەی کارمەندان و موچەخۆران وجەماوەر بەگشتی لەئاستی گەرەک و ناوەندەکانی کارو بەڕیوەبەرایەتیەکانەوە تا داگیرکردنی مەیدانی شارەکانی دەوێت.

کرێکاران و کارمەندان بەدەستکێشانەوە لەکار تا دەستبەسەرداگرتنی داهاتی بەریوەبەرایەتیەکانی وەک باج، هاتوچۆ ئاو کارەبا و.. دابەشکردنەوەی بەسەر فەرمانبەراندا، تا بەستنی ڕیگاوبان بەرووی بەرپرسان و جولەی کۆمپانیاکانیاندا، وە گرتنبەری هەرشێوازێکی تری خەباتی جەماوەری کە بەهۆیەوە فشارەکان لەسەر دەسەلاتداران توندەکاتەوە و ناچاریان بکات بەوەلامدانەوە بەداخوازی دابینکردنی موچە لەو داهاتانەی لەبەردەست حکومەتدایە.. بەکورتی دەمەوێت بڵێم چاوەروانی لە هەردوو حکومەت لەلایەن خەڵکەوە بەمانای درێژەدانە بەدۆخی ئیستا، هەربۆیە ڕێگاچارە لەدەستی خەڵک خۆیدایە، بۆئەمەش هاتنەمەیدانی فراوان و یەکگرتوانەی جەماوەری موچەخۆران و خەڵکی بەشمەینەتی دەوێت..

# مەترسیەکانی سەر کوردەکانی سوریا !

عوسمانی حاجی مارف

هەسەدە لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ حکومەتی ئەحمەد شەرع واژۆکرد، کە لە ڕێکەوتنەکەدا ئاماژە بە یەکخستنی هێزەکانی هەسەدە لە گەڵ سوپای نیشتیمانی و پێدانی کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتیەکان و فرۆکەخانەکان بە حکومەتی ناوەندی ئەدات، ئەم ڕێکەوتنەی وەها نیشان ئەدات هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردزمان لەناو دەوڵەتی سوریادا، بەڵام لە ناڕوونیدا داپۆشراوە و نیگەرانی ڕاستەقینە لە پابەندبونی لایەنەکان بە جێبەجێکردنی دەوروژێنێت.

دوای ئەوەی لەماوەی دەیەی ڕابردودا ئەمریکا پشتیوانیەکی سەرەکی و لایەنگری هەسەدە بووە، ئێستا لەگەڵ داخستنی بنکەکان و کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازەکانی ئەمریکا، توانای هێزەکانی هەسەدە لاواز دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر هەرەشەیەک کە لە لایەن تورکیاو ئەحمەد شەرعەوە بێت یان بەرەو ڕوی هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بوەستێت، ئەم دۆخەش بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی گۆڕانی چونیەتی دەخالەتی ئەمریکایە لە سوریا، بەتایبەی دوای ئاگربەستی شەڕی ئیسرائیل و ئێران.

ئەمریکا کە ماوەیەک سەرمایەگوزاری لە بنیاتنانی هێزێکی کوردی و عەرەبی لە باکوری سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دەکرد، ئێستا پێی باشترە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕژێمی نوێی سوریا ڕێکبخات و پەتوتری بکات، بە ئامانجی پاڵنانی دیمەشق بەرەو هەوڵدان بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیل. لەچوارچێوەی فراوانتری ستراتیژیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تیشکیان خستۆتە سەر سەقامگیرکردنی ڕژێمی سوریا و بەهێزکردنی هاوپەیمانی دەوڵەتانی ناوچەکە، کە دژایەتی ئەمریکا ناکەن، بە مانایەک ئەولەویەتی ئەمریکا چیتر بەناو پاراستنی کوردەکان و پشتیوانی لە هەسەدە نییە. بەڵکو گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژی گەورەترە، لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا.

گومانی تیانیە تورکیاش هەوڵئەدات سوود لەو گۆڕانکاریانەی کە بە دەخالەتی ئەمریکا پێشدێت وەربگرێت، ئەردۆغانیش سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر بە کوردەکانی سوریا پێوانە دەکات، بە قۆستنەوەی ڕاگەیاندنەکەی ئۆجالان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی پەکەکە و هێزە چەکدارەکانی، کە تورکیا بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە سوودی لێوەردەگرێت، بەقازانجی نەخش و سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا تەواو دەبێت.

لەهەمانکاتدا پێدەچێت ئەردۆغان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی ئەمریکا و تورکیا، پەرۆشی هەمووارکردنەوەی دەستووری تورکیایە، تا ڕێگەی پێبدرێت بۆ خولێکی دیکە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش پێدەچێت لەئێستادا جارێ خۆی لە شەڕێکی بەرفراوان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا بەدوور بگرێت.

مەزلوم عەبدی، لەژێر ڕۆشنایی کەمبوونەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی و زیادبوونی فشارەکانی تورکیا، لە هەوڵی پاراستنی هەسەدەیە لە هەلومەرجێکی سەختدا، بۆیە ناچار بوو ڕێکەوتنی مانگی ئازاری ٢٠٢٥ قبوڵ بکات، توانیویەتی تا ئێستا خۆیان ڕاگرن و بە وریاییەوە ماونەتەوە، بەوپێیەی هێزەکانی هێشتا دەستبەرداری پێکهاتە سەربازیی و چەکەکانیان نەبوون، بەڵام چارەنووسی ڕێکەوتنەکەش نادیارە.

بەیاننامەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا جەخت لەسەر گرنگی یەکخستنی هێزەکانی هەسەدە لە گەڵ حکومەتی نوێی سوریا دەکەنەوە، ئەمەش پەیامێکی ناڕاستەوخۆیە وەها ڕادەگەیەنێت کە پشتیوانیکردنی ئەمریکا لە هەسەدە چیتر ئەولەویەتێکی تاسەر نیە، بەڵکو بەشێکە لە ئەجێندایەکی فراوانتر، کە لە سوریایەکی یەکگرتودا بەڕێوە بچێت.

تورکیا لە سەرەتای ڕاپەڕینەکانی سوریا لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە بەردەوام هەولیداوە دەخالەت لە سوریادا بکات. دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، هەژمونی تورکیا بەسەر فەرمانڕەواکانی دیمەشقدا ڕوون بووەوە، کاریگەریەکەی لە وردەکاریەکانی نەخشەڕێگای بردنی سووریا بەرەو دامەزراندنی ڕژێمێکی ئیسلامی ناوەندی ژێردەستەی ئەنقەرە بەرجەستە دەبێتەوە. ئۆردۆغان ئێستا گڵۆپی سەوزی لەلایەن ترەمپەوە بۆ هەڵکراوە، کەدەسەڵاتی ئەحمەد شەرع دەرگای سوریا بە کراوەیی بۆ تورکیا بەجێبهێڵێت. نفوزی تورکیا لە سوریا، لە ڕێگەی دامەزراندنی بنکەی سەربازی و بەدەستهێنانی گرێبەست و ڕێکەوتن بۆ وەبەرهێنان و پرۆژە ئابووریەکان و ڕاهێنان و پرچەککردنی سوپای سوریا ئەنجام بدات، ئەمەش وادەکات تورکیا لە سوریاوە ڕۆڵی ئێران بگێرێت و ببێتە هێزێکی باڵادەست و کاریگەر لە ناوچەکەدا.

هەروەها ئەردۆغان هەوڵدەدات فشار بخاتەسەر ئەحمەد شەرع بۆ داماڵینی چەک و دواتر تەواوی هێزە چەکدارەکان وەک ئەندامانی سوپای سوریا یەکبخات. لەهەمانکاتدا بەردەوامە لە هەرەشەکردنی ئۆپراسیۆنی سەربازی دژیان، یان پاڵنانی حوکمرانی دیمەشق و کوتلە چەکدارەکان بۆ ناو شەڕێک لە دژی ناوچە کوردیەکان و کۆنترۆڵکردنیان، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی دەستڕاگەیشتنی

تورکیا بە سەرچاوە نەوتی و گاز و هەروەها کۆنترۆڵی جیۆپۆلتیکی بە سەر ئەو ناوچانەدا.

سەرەڕای ڕێکەوتنی شەرع لەگەڵ مەزلوم عەبدی، لە ١٠ی ئازاردا، کە بە نێوەندگیری لەژێر چاودێری ئەمەریکا لە پنتاگۆنەوە پێکهات، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی ڕێکخراوەیی لە ماوەی ساڵێکدا، هەسەدە پێیوایە، ئەتوانێ وەک هێزێکی سەربازی لە چوارچێوەی ناوچەکانی نفوزی خۆیدا و لەژێر دەسەڵاتی دیمەشقدا ڕێگەپێدراو بێت و بمێنێتەوە، ئەمەش لەلایەن تورکیاوە قەبوڵ نەکراوە، چونکە بەردەوامبونی هەسەدە مانای ئەوەیە پێگەی کوردەکان بەرز ڕادەگیرێت و ڕێگە بە دەخالەتی تورکیا دەگرێت.

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی هێزەکانی هەسەدە و چەکەکانی، لە پەیوەست بە شەڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕێگەپێدراو بووە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامی داعش و سەرهەڵدانی هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان لە سووریا و بوونی دەیان هەزار جیهادی بیانی، پێویستی مانەوەی هەسەدە دەهێڵێتەوە. بەڵام لەکاتێکدا ئەمریکا گەیشت بەوەی شەرع بەهێز کات و سوپا و دەزگاکانی بتوانن کۆنترۆڵی زیندانەکانی داعش بکەن و شەڕی داعشیش بکەن، لەو حاڵەتەدا کارێکی بە هەسەدە نامێنێت و دەستبەرداری دەبێت.

جگە لەوەش، ئایا دەسەڵاتی دیفاکتۆی ئێستای شەرع ئەگەری ئەوە نیشان ئەدات کە ئەتوانێت سوریا یەکبخات و ئاسایشی ناوخۆ بەدەستبهێنێت؟، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ئاسایشی ئەمریکا و ئەوروپا دەبێت. هەروەها کوردەکان و هەسەدە ، متمانەیان بە دەسەڵاتدارانی دیمەشق نیە، بە تایبەت دوای کوشتنی بەکۆمەڵی عەلەویەکان و هێرش و کوشتنی دروزەکان، بێمتمانەیی زیاتر بووە، مامەڵە لەگەڵ شەرع یاریەکی سەختە بۆ هەسەدە.

هەرچەندە ئیسرائیل بانگەوازی بۆ پشتیوانیکردن لە کوردەکان و کەمینەکان لە سووریا ڕاگەیاندووە، ئەمەش ستراتیژێکی جیۆپۆلەتیکی دژ بە تەماحەکانی تورکیا و ئێران و پلانەکانی ئەردۆغانە بۆ هەژمونی و کاریگەریان لە سەر سوریا، هەڵبەتە ئیسرائیل بەرژەوەندی مامەڵە و یاری باڵادەستیەتی لە ناوچەکەدا، بۆیە بەئاسانی پشت دەکاتە کوردەکان، هەروەها ئیسرائیل هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بەدەستبهێنێت، کە ترەمپ کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات.

لەبەر ڕۆشنایی هەوڵەکانی تورکیا بۆ زاڵبوون بەسەر سوریا و دوورخستنەوەی هەسەدە لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی سوریا بە چەکداماڵینیان، بە جەختکردن لەسەر جێگیرکردنی دەسەڵاتی شەرع، ئایندەیەکی زیان بەخش بۆ هەسەدە و دانیشتونی تەواوی سوریا پێشبینی دەکرێت.

هەرچەندە هێرشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ناوچەکەی خستە حالەتێکی مەترسیدارو ئاڵۆزەوە، هاوکاتیش سەرقاڵی ئەو جەنگە سەرنجی تەواوی هەمولایەکی گۆڕی بۆ سەر جەنگەکە، باسی دۆخی سوریاو کێشەکانی خرانە لاوە، ئێستا بەدوای ئاگربەست، تەواوی پرسە و بابەتەکانی تر دێنەوە نێو ململانێی هێزو لایەنی جیهانی و ناوچەییەوە. بەتایبەتی مەسەلەی سوریا لە دەستێوەردانەکانی تورکیا و داگیرکردنی ناوچەکانی سوریا و هەژموونی دەسەڵاتی لە دیمەشق، کە سوریا بەرەو ناسەقامگیر و گێژاوی سیاسی زیاتر دەبات، لەگەڵ ئەگەری زۆری شەڕی ناوخۆ، پرسێکی جدیە بۆ ئایندەی ناوچەکە.

بەردەوامی داگیرکردنی سوریا لەلایەن تورکیاوە بە بیانووی شەڕی پەکەکە درۆیەکی گەورەیە، ئاشکرایە کە ئامانجی زاڵبونی بەسەر سوریا، بۆ سەروەری تورکیایە لە ناوچەکەدا، بۆ جێخستنی باڵادەستیە بەسەر بازاری ناوچەکە و گۆڕینی بە بازاڕێکی تەواو کاریگەر لە بەرژەوەندی تورکیا، بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی وزە و گاز و ئاوی سەرزەوی و جوگرافیایەکی گرنگ کە ئەردۆغان بتوانێت هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دراوسێکانی بکات و ببێتە یاریزانێکی سەرەکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەمەی بەبێ پشتیوانی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا بۆ ناچێتەسەر، پێموایە لە هەلومەرجی ئێستاو دۆخی شەڕو ململانێ لە بەرامبەر ئێراندا، تورکیا ئامادەبێت بچێتە ژێر باری ئەو هاوپەیمانیە.

ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا کوردەکانی سوریا لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەدا دەتوانن دەستکەوت و مافەکانی خۆیان بپارێزن، یان دەبنە قوربانی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟.

پێموایە ئایندەی ناوچەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوەو ناوچەکە پڕە لە تەحەددا و مەترسی، پرسی زۆرهەن یەکلایی نەبۆتەوە، بەتایبەتی کێشەی فەلەستین و کێشەی کورد، چارەنوسێکی دیاریکراویشیان نیە، کێشەی کوردەکانی سوریا و ئایندەی هەسەدەو باکوری سوریا بەهەمان شێوە لە هەمان نارۆشنیدا دەمێنێتەوە و ئەگەر ئەوەش هەیە ببێتە قوربانیەکی تر.

لەم نێوەدا مەسەلەیەک کە گرنگە لەبەرچاومان بێت، لەتەواوی ئەم ململانێ و شەڕو مەترسیانەدا، خەباتی جەماوەری نەک نەیتوانیوە ڕۆڵی سەرەکی ببینێت، بەڵکو دۆخی شەڕو مەترسی و نائارامی و پێگەی هێزی میلیشیا، گەورەترین گورزی هاویشتوە کە جەماوەری نارازی خامۆش و بێدەنگ بێت و بچێتە دواوە، یان نەتوانی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا ڕۆڵی خۆ ببینێت، کە دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک ڕێڕەوی ڕوداوەکان بە قازانجی بەهێزبونی خەباتی جەماوەری و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵک بگۆڕێت!.

# پێش و پاش چواردەی تەموز!

## عەبدوڵا مەحمود

تا چەند ڕۆژ و چەند سەعات بەر ١٤/٧/٢٠٠٠ کۆمەڵگەی کوردستان، خاوەنی هێزو دەنگێکی ڕەسای جیاوازی کاریگەر لەهەموو حزب و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوو... خاوەنی هێزێکی سیاسی، حزبێکی جیاواز بە ئامانج و نەریت و شێوەکاری ڕێکخراوەیی تایبەتی خۆیەوە کە مۆری کارو هەڵسورانی بەهەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی کۆمەڵگەوە دیار بوو.



بەڵێ تا ١٤ حەوتی دوو هەزار، هێز و حزبێکی سیاسی ناسراو و خۆشەویست هەبوو، کە بێ ئەولاو لا دژی نابەرابەری ئابوری و ستەمی چینایەتی و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی خاڵی زوڵم و نابەرابەری بوو... لەدڵی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتیدا ئامادەیی هەبوو. بەرگری لە ماف و داخوازییەکانی کرێکاران و هەوڵدانی بۆ ئاسۆدارکردنی خەباتیان بە ئاسۆی سۆشیالیستی و ریکخراوکردنیان، تا دەگات بەبەرگریکردن لەماف و داخوازییە ڕۆژانەیەکانیان باشکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران، تیکۆشانی نەسرەوتوی ئەو هێزو حزبە بوو. تا ١٤/٧ بەرگری لە چارەسەری کێشەی کورد لەڕێگای گەرانەوە بۆ ئیرادەی راستەخۆی جەماوەری و بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانەی دوور لەهەرەشە و دەستێوەردانی دەرەکی، حزبێک لە پشتی بوو وە بۆی تێدەکۆشا. بەرگری لەمافی ژنان و خەبات بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان و گۆرینی یاسا دژە ژنەکانی بەعس و لابردنی رێگرییەکانی، مەیدانێکی تری بەرامبەرکێی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو لەگەڵ دەسەڵاتی دژە ژن و کۆنەپەرستی ئیسلامی و رەوتە سیاسیە ئیسلامیەکان. لەوەش واوەتر دەستبردنی بەکردەوە بۆ پاریزگاری لە ژنانی هەرەشەلێکراو ژێر چەقۆی پیاو سالاری پشتیوانیکردن لە سەنتەری ژنان و خانەکانی داڵدەدانی ژنان، کە ئەوانیش بە پشتیوانی کۆمۆنیزمی ریکخراو پێکدەهێنرێن.

کارکردن بۆ بەرینکردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان، وەستانەوە بەرووی داخستنی پەراوێزەکانی ئازادیدا، کە حزبە بۆرژوازییە دەسەڵات بەدەستەکان و ئیسلامیەکان بیدریغ کاریان بۆی دەکرد و سەدان ئەمماو ئەگەریان پیوە دەلکاند و لەژێر پاراستنی ناوی مقدەسساتە قەومی و دینی و کەلتوریەکاندا، دەرگایان بەرووی ئازادیدا دادەخست. دروشمی ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی دژ بەهەوڵی بۆرژوازی دەدات و دەبێتە وێردی بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە و مەیدانێکی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتیش لە دژی بۆرژوازی و حزبەکانیدا.

وەستانەوە بەرووی ئیسلامی سیاسی و رەوتە سیاسیە بەکرێگیراوەکانیان و کۆنەپەرستانی کۆمەڵگە، مەیدانێکی گرنگی روبەرووبونەوەی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازییە لەگەل ئیسلامیەکان و حزب و لایەنە سیاسیەکانیاندا، کە کاریان سوکایەتی بە سیما جوانەکانی کۆمەڵگە، بە ژنان دەکرد و هەوڵیان دەدا سایەو دەسەڵاتی ئیسلامی و ریسا ئیسلامیەکان دابسەپێنە سەر کۆمەڵگە. منداڵان و مافەکانیان بەرگری سەرسەختیان لێدەکرا...

بەکورتییەکەی لەهەموو مەیدانێک و هەموو زەمینەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا حزبێک هەبوو کە هێزبەخش و پشتیوانی و تیکۆشانی لێبراوانە بۆ ئازادی و ئازادیخوازی و بەرگری لە ئازادیی و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە بوو.

هەموو ئەو تێکۆشانەو سەنگەربەندیانە لەبەرامبەر بەهێرشی دەسەڵاتی سیاسی و حزبەکانیاندا، بەدژی کۆنەپەرستی دینی و حزب و لایەنە سیاسیەکانیاندا، بەدژی نابەرابەری و دزی و تالانی و دەسەڵاتی میلیشیاییدا، بەشوێنێک گەیشت هەر کەسێک لە کۆمەڵگەدا باسی ئازادی و یەکسانی و بەرابەری و یەکسانی ژن و پیاو، ریفراندۆم، بەرگری لە ناسنامەی ئینسانی کردبا، میداڵی کۆمۆنیست بوونیان لە بەرۆکی دەدا. هەر بەوهۆیەشەوە کۆمۆنیزم بووە دیاردەیەکی خۆشناو و کەسایەتیە تیکۆشەرەکانیشی خۆشەویست.

لەچوارچێوەی خۆشناوبوونی کۆمۆنیزم و رەوتی روولەپێشی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا، بۆرژوازی کورد هەراسان بوو، لە مێژووی چەندین دەهەی گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، بۆیەکەمین جار بوو کۆمۆنیزم بەو جۆرە مۆری خۆی بدات لە رووداو واقیعیەتی سیاسی کۆمەڵگە و ببێتە گوشارو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و هێزەکانی،

بۆیە وەستانەوە و بەرگرتن بەو رەوتی گەشەی کۆمۆنیزم، بووە ئەولەویەتی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و وڵاتە پشتیوانەکانیان. هێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و رێکخراوە جەماوەرییە و رادیکاڵەکانی، بۆ بەرگرتن بوو بەو رەوتی گەشەکردنە و بێبەشکردنی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، لەو هێزەی بەکردەوە بەرەو ئەوە دەرۆشت وەکو نوێنەری واقعی خۆیان هەڵی بژێرن. وە بۆ داسەپاندنی سەرکوت، بێمافیەکان، پایماڵکردنی ئازادییەکان، کوشتنی یەکجاری رێکخراوەی جەماوەری واقعی، دەست ئاوەڵاکردنی کۆنەپەرستی، خامۆشکردنی نارەزایەتی رەوای شەقام، و بیدەنگەکردنی ژنان و لاوان...تاد. هێرشیان کردە سەر حزب.

لەدوای ١٤ حەوتی ٢٠٠٠ وە، بەکردەوە کۆسپی سەرەکی و هێزی کاریگەر و لەمپەری واقعی بەردەم دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆنەپەرستی و سەرمایە، لاوازو کەنار خرا... لەوکاتەوە تاکو ئێستا هیچ هێز و حزبێکی سیاسی چینایەتی جیاواز لە خانەوادەی بۆرژوازی و کە کاریگەری بەرجەستەی هەبێت، لەگۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، نەما... هیرش بۆسەر چینی کرێکارو خەڵکی ستەم دیدە زیادی کرد و بیمافیەکانیان بەرینتر بووە، پرسی خەڵکی کوردستان کرا بە دەستمایە بۆ سات و سەودا لە پیناو فیدرالیزمێکی قەومی لەگەڵ ناوەندا، لەوکاتەشەوە کەشی ئازادی وئازادییەکانی کۆمەڵگە پاشەکشەی پێکرا. ئیسلامیەکان و رەوتە سیاسیەکانیان دەرگایان بۆ والابوو بە ئارەزووی خۆیان تەراتین بکەن. ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پاشەکشەی تەواوی پێکراو کوشتاری ژنان لە ژێر ناوی شەرەفدا بێداد دەکات و لە پەرلەمانیشدا یاسای فرەژنیان دەمەزەرد کردەوە. منالان پشت و پەنایەکیان نەما، رێکخراوەی جەماوەری رادیکال و جەماوەری و ئینسانی نەمان، لەجێگایدا بەتایبەتی حزبەکان دەسەڵات پەرەیان دا بە ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە زوربەیان کۆنەپەرست و هاوکات ریکخراوەی رتوشکردنی دزێویەکانی دەسەڵاتن و سەرچاوەیەکیشن بۆ لوشدانی داهاتی گشتی.

بۆیە پیش ١٤/٧ و داوی ١٤/٧ دوو واقعیەتی و تەواو جیاوازن. میژووی بەر لە ١٤ حەوت مێژووی بەرامبەرکێیەکی کۆمەڵایەتییە لە ئاستێکی دیاریکراودا لەنێوان بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازیدا لەگەڵ دەسەڵاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا. میژووی راوەستانەوەیە بەرووی رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییە کریگرتەکاندا. مێژووی بەرگری لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و لاوان و منالان و ئازادیخوازیی و ئازادییەکانە... مێژووی کرانەوەی کۆمەڵگە و رووهینانە بۆ رێکخراوبوون و چوونەسەری هۆشیاری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییە، میژووی بەرامبەرکێیە بۆ چارەسەری کیشەی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی... مێژووی برەودان بە ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسیە، لەبەرامبەر بە داخستنی کەشی نیمچەکراوەی کوردستاندا. میژووی بەرگری لەژنان و مافەکانیان و رزگارکردنی بەکردەوەی ژنانە لەچەقۆی پیاوسالاری و رزگارکردنیان...

لێدان لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بۆ کۆتاییهینان بوو بە رۆڵ و چالاکی کۆمۆنیزمی کریکاری لە هەلومەرجێکی تایبەتی کۆمەڵگەدا، لە دۆخێکی نا نۆرماڵدا، کە ناکرێ کۆمۆنیستەکان تیایدا سەرقاڵی کاری رۆتینی کۆمۆنیستی بن... بەبێ ئەوەی ببنە نوێنەری واقعی پرسە بناغەییەکانی کۆمەڵگە.

دەرسێکی زۆر گرنگ کە دەتوانێت زۆر ئەزموندە بێت، ئەم لێکدانەوەی مەنسور حیکمەتە بۆ هۆکاری سەرەکی لێدان لە حزب... مەنسور حکمەت لە یاداشتێکدا بۆ رابەری حزب دەڵێت:

"...کۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەکی رۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بیت، کە وەکو حزبە بۆرجوازیەکان هەمیشە "هەن"و لە پەراوێزی چەند دەرسەدیکی ئەم کۆمەلگەیانە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. کۆمۆنیزم لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا یان دەبێت سەرکەوێت، یان شکستی پێدەهینن، یان دەبیت پێشرەوی بکات، یان پاشەکشەی پێدەکەن. خاڵێکی هاوسەنگیو نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی رادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەرییو رژیمی سیاسی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە رادیکالیزمی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە کۆمەڵگەی وەک عیراق یان کوردستانی عیراق تەلاریکی مێژووییو یەکێک لە "جێگا سەرنجراکێشەکان" بێت کە ساڵەها خەڵک بچن بیبینن‌و بێنەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرێت لە گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستییە، تەبلیغو هۆشیارکردنەوەی کۆمۆنیستی وەک هەر خزمەتگوزاریەکی ناوشار، وەک ئاو و کارەباو تەلەفۆن، ساڵەها بە شێوەی رۆتینی لە بەردەستی خەڵکدا بێت، بۆچوونێکی ناواقیعییە. کۆمۆنیزم نەک بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو بە تایبەت بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی وەکو ئێران‌و عیراق‌و هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو بە تواناو هێزی کردەی سیاسیەوە گرێی خواردووە. کۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە، کۆمۆنیزمێک کە نەخوازێت مەسەلەی نفوزی کۆمەلایەتی، بالادەستی سیاسیو حاکمیەت لە ئەجێندای بە پەلەی خۆیدا دابنێت، مەحکوم بە شکستە...."

★

# هێرشی رژێمی ئیسلامی ئێران بۆسەر کرێکارانی ئەفغانی!

## دەشتی جەمال

حکومەتی ئێران، بەدوای وەستانی شەڕی ١٢ ڕۆژەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا، هێرشێکی بێسنوری لە سەرکوت، گرتن و ڕاونان و لەسێدارەدان بە تینوتەژمێکی زۆرترەوە بەرامبەر بەچینی کرێکار و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکوانانی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" و دژ بە خەڵکی ئێران بەشێوەی گشتی دەستپێکردووە. ئەمجارە دەست لەهیچ ناپارێزێت و جگە لە بیانووەکانی پێشوو، پاساوی "سیخوری" و پەیوەندی بە "دوژمن"ەوە، بۆ بیانووەکانی پێشووی زیادکردووە. لەپاڵ پروپاگەندەی "نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری" کەوتۆتە هەڵرشتنی رق و کینە و سووکایەتیکردن و بێزیزکردن لەبەرامبەر ئاوارە و پەنابەرانی ئەفغانیدا، ئەوانی بەنیشانگرتووە و وەکو بەهانەیەک لەژێر ناوی "سیخوریکردن بۆ ئیسرائیل"، فەرمانی دیپۆرتکردنەوەی بەکۆمەڵی بۆ دەرکردون. ژیانی چەند ملیۆن لە پەنابەران و کۆچبەرانی ئەفغانی کە بێبەشترین چین و توێژی کۆمەڵگەی ئێرانن، خستۆتە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە سیخورەکانی ئیسرائیل، هاوڵاتیانی ئێران و پەنابەرانی ئەفغانی نین، بەڵکو ئەندام و بەرپرسانی خودی دام و دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئێرانن کە بەهۆی گەندەڵی سەرتاپاگیری ئەم نیزامەوە، بونەتە نۆکەری ئیسرائیل و خانەیان لە ریزەکانی رژێمدا، دروستکردووە.

ئەم هەڵوێستە دوژمنکارانەیە بەرامبەر بە کۆچبەرانی ئەفغانی لەژێر ناونیشانی "پرۆژە یاسای رێکخراوی کۆچبەری نیشتمانی" لەلایەن حکومەت و پەرلەمانی ئێران پەسەندکراوە، کە گوایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە، گوایە تەنها ئەو کۆچبەرانە دەگرێتەوە کە "کارتی پەنابەریان نیە". ئەم هەنگاوە تاوانکارانە و رەگەزپەرستانەیەی حکومەتی ئێران، ئەو هاولاتیە ئەفغانی و خێزانەکانیانی رووبەڕووی دڵەڕاوکێ و سەختی زۆر کردۆتەوە کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ و ڕووداوەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و جەنگی ئەفغانستانەوە، روویان بۆ ئێران هێناوە و ژیانی خۆیان و خێزان و منالەکانیان دامەزراندووە. ئەم پەنابەرانە لەگەڵ بێبەش بوونیان لە مافە زۆر سەرەتاییەکانیان و دەست ڕانەگەیشتنیان بە چاودێری تەندروستی، خوێندن و پاراستنی یاسایی وناچاکردن بە کاری سەخت و پرمەترسی و کەمی کرێ.. هەمیشە ترسی دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوە وەک تارماییەک بەسەر سەریانەوە راگیراوە، هاوکات وەکو هاولاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.. نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییەکان هۆشدارییان داوە لەسەر دۆخی کارەساتباری پەنابەران لە سەر سنووری ئێران و ئەفغانستان. زیاتر لە ٧٠٠،٠٠٠ ئەفغانی پێش ئەم بریارە لە ئێران دەرچوون، تەنها لە مانگی حوزەیران ٢٣٠،٠٠٠ هاولاتی ئەفغانی دیپۆرت کراونەتەوە. لە هەندێ ڕۆژدا، زیاتر لە ٤٠،٠٠٠ کەس تەنها لە یەک خاڵی سنوورییەوە گەڕاونەتەوە. رێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)چەندین جار داوایان کردووە دەسەڵاتدارانی ئێران مامەڵەی هەڵاواردن لەگەڵ کۆچبەرانی ئەفغانی رابگرن و داوایان لێکردون کە دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و پاراستنیان دەستەبەر بکەن.



دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەرانی ئەفغانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کردەوەیەکی ئەوپەڕی فاشیستی و رەگەزپەرستانەیە کە رووی لە تەحقیر و جیاکاری نێوان ئیسانەکانە و هەوڵەکانی ئەم رەوتە بۆرژوازیەی ئێران هەمان سیاسەتی ئەو رەوتە فاشیزم و رەگەزپەرستانەیە دەباتە پێشەوە کە ترەمپ بەرامبەر بەکۆچبەران لە سیاسەتی نوێی ئەمریکادا پەیرەوی لێدەکات. لە ئێرانیش بەهۆی قەیرانی ئابووری کە بەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرتوە، قەیرانی بێکاری وڵاتەکە دەخەنە ئەستۆی کۆچبەرانێکی ئەفغانی و تاوانبار دەکرێن وەک بارگرانییەک نیشان دەدرێن، نەک وەک تاکێک کە پێویستیان بە پاراستن هەیە. کرێکاران لەژێر ناوی بیانی و لەسەر بنەمای نەتەوەچیتی دابەش دەکەن و ئەوان بە ئێرانی و ئەفغانی، فارس و کورد، تورک، بەلوچ .. دابەش دەکەن و تەفرەقە لەناویاندا دەچێنن و لەدژی یەک هەڵیان دەخرێنن.

نابێت رێگە بدرێت کۆماری ئیسلامی ئێران لەم تاوانەدا کە بەرامبەر کۆچبەرانی ئەفغانی بەرێ خستوە

سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی ئێران زۆر لەوە هۆشیارترن کە رژێم بە سیاسەتی بارگاوی رەگەزپەرستانە و هەلاواردن فریویان بدات.

لە دۆخێکدا کۆماری ئیسلامی دەست بۆ ئەم سیاسەتە دەبات کە لە ناوخۆدا رووبەرووە لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی ئابووری و سیاسی و کاریگەرییە بەرفراوانەکانی سزا نێودەوڵەتییەکان. ئەم دۆخە و شکاندنەوەی ئەم ئەزمەیە بەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی نەداردا کاریگەری زۆر سەختی لەسەر ژیان گوزەران و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی ئێران دروستکردووە، لە هەژاری و برسێتی وگرانی و کەمی خزمەتگوزارییەکان و گەندەڵی. جمهوری ئیسلامی لە دەرەوەش گورزێکی گەورە بەر هێزە پرۆکسیەکانی لەچەشنی حەماس و حزب الله کەوت. بەروخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدیش پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو لاوازی رۆیشت، ئێستا بەدوای ئاگربەستی جەنگی ١٢ رۆژە دووبارە لە هەوڵی خۆسازدانەوە و بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سەرکوتگەری و داسەپاندنی پاشەکشێ بەناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێرانە، لەو چوارچێوەیەشدا هێرش بۆسەر ئاوارە ئەفغانییەکان وەک وەسیلەیەک بەدەستەوە گرتوە بۆ سەرکوتی کۆمەڵگا و لێکدابڕاندن و ناکۆکی خستنە ریزی کرێکاران و پەرەدان بە مەیلی نەتەوەچێتی، وە ئەوانی وەک هۆکار و سەرچاوەیەک بۆ بێکاری و نەبوونی لە کۆمەڵگای ئێراندا نیشان بدات تا لەو رێگەیەوە جەنگێک لەنێوان کرێکارانی ئێرانی و ئەفغانیدا هەڵگیرسێنێت، و ئەمەش بکاتە بەربەستێک لەبەردەم یەکیەتی بەشەکانی چینی کرێکار لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

ئایندەی کۆمەڵگەی ئێران لەلایەن ئەم نوخبەیە لە پیاوانی ئاینی و گەندەڵکار و تاوانکاری دەسەڵاتدارەوە نەنووسراوەوە، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە لە سێ ساڵی رابردوودا بەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی پێی نایە مەیدانەوە کە ژنان و لاوان و کرێکاران و خوێندکارەکان پێشەنگی بوون و دەستکەوتی گرنگی بەدەستهێنا، دەتوانێت دۆخەکە پێچەوانە بکاتەوە و دەستی رژێم لە دەسەڵاتدا، کە لەرزۆک بووە لە توندوتیژی ڕاگرێت و ئایندەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران کە هەموو مرۆڤەکان بەبێ گوێدانە رەگەز، نەتەوە، شوێنی لەدایک بوون وەیان ئاین، بە کەرامەت و رێزەوە دەستەبەر بکات. کاتی ئەوە هاتووە کە جارێکی تر گوشارەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی لە ئاستی یەکێتی کرێکاری و رێکخراوە مرۆڤدۆست و کۆمۆنیست و سوشیالستەکان توند بکەینەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران ناچار بکەین دەستهەڵگرێت لەسەرکوت و گرتن و ئەشکەنجەو ئیعدام و هەنگاوی کۆنکرێتی بۆ پاراستنی مافی کۆچبەرانی ئەفغانی بگرێتەبەر. وە کۆتایی بهێنێت بە دیپۆرتکردنەوەی کۆچبەرانی ئەفغانی و دابینکردنی دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییەکان.

پێویستە کارێک بکەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سیاسەتی رەگەزپەرستانە و فاشیستی حکومەتی ئێران ئاگادار بکەینەوە تا فشار بخەنەسەر دەسەڵاتدارانی ئێران بۆئەوەی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵە لەگەڵ کۆچبەرانی ئەفغانی بکات و لەم سیاسەتە دژی کۆچبەریە پەشیمانیان بکەنەوە. کۆچبەرە ئەفغانییەکان لە ئێران شایەنی ژیانێکی باشترن دوور لە هەلاواردن و جیاکاری و ئاسایش و داهاتوویەکی دوور لە ترس.

٧/٧/٢٠٢٥

# کۆنفرانسی دووەمی رێکخستنەکانی کەنەدای حزب!

رۆژی ٢٩/٦/٢٠٢٥ رێکخستنەکانی کەنەدای حزب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی و بەشداری هاوڕێ نوری بەشیر و موحسین کەریم لە رێکخراوی دەرەوەی حزب و نوێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست/ خەتی رەسمی و بەئامادەبوونی دۆستانێکی حزب، کۆنفرانسی دووەمی خۆی بەست.

پەیامی کردنەوەی کۆنفرانس لەلایەن هاوڕێ (ئاراس رەشید) بەرپرسی کۆمیتەی کەنەدای حزبەوە پێشکەشکرا. دواتر پەیامی دەشتی جەمال، بەرپرسی کۆمیتەی رابەری رێکخراوی دەرەوە، لەلایەن نوری بەشیرەوە خوێنرایەوە. پاشان وتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن( عادل ئەحمەد) و پەیامی حزبی حیکمەتیست- خەتی رەسمی لەلایەن (ئەحمەد موتڵەق ) پێشکەش کران. دواتر بەرنامەی کاری کۆنفرانس پەسەندکراو سەرەتا قسەوباسێکی تیروتەسەل لەسەر راپۆرتی کارەکانی دوو ساڵی رابردوو کراو خاڵە لاواز و بەهێزەکان دەستنیشان کران. پاشان نەخشەکاری داهاتووی کۆمیتەی کەنەدا خرایە بەرباس و گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر کراو لەلایەن ئەندامانی بەشداربووەوە پەسەندکرا. دواتریش کۆمەڵێک بریار بەمەبەستی پڕکردنەوەی لاوازیەکان و فراوانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی کارەکانی داهاتوو پەسەندکران. لەکۆتاییدا پێنج کەس بۆ ئەندامێتی کۆمیتە هەڵبژێردران کە ئەم هاوڕێیانە بوون: ( مریەم عەبدولرەحمان، کاوان قادر، جەلال سەعید، سەردار عەبدولا حەمە و ئاراس رەشید ). هەروەها هاوڕێی دیکە وەکو راوێژکاری کۆمیتە دەستنیشان کران کە بریتی بون لە هاوڕێیان: ( حەمید نادر و موستەفا یونسی).

# حکومەت و پرسیارە حەتمیەکانی قەوارەی ملیشیایی هەرێم!

ئیبراهیم حسین



قەوارەی ملشیایی هەرێم لە قەیرانێکی وجودی و بێچارەدایە و هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدان کە چیتر ئەم قەوارەیە توانای لەسەرپێوەستانی نەماوە و تەواو بێکەڵک بووە و هەموو پێویستیەکی مانەوەی لەدەست داوە. بەوپێیە هەرای پێکهێنانی حکومەت و بەرێخستنی سیناریۆی کارتۆنی هەڵبژاردنەکان کە هەر دوای تەواوبوونیان تا هەڵبژاردنی دواتر و تا گوڕێکی تر و گەرێکی تری ئەم کەڵەکە سیاسیە، دەخرێنەسەر ڕەفەوە دەردێک لەم قەیرانە وجودی و چارەهەڵنەگرە دەرمان ناکات. بەوپێیە قەیران تەنیا قەیرانی پێکهێنان و پێکنەهاتنی حکومەت و کابینە نیە، بەڵکو قەیرانێکی وجودی و سیاسیە و لە یەک وشەدا قەیرانی بەسەرچوون و تەواو بوونی ئەو قەوارە ملیشیاییە کە هەموو جۆرە پێویستیەکی بوون و مانەوەی لەو فۆرمەی ئێستایدا لەدەستداوە. زیاتر لەوەش ئەو قەوارەیە تەواوی کومەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانی دووچاری قەیران و بنبەستێکی گەورەکردوە.

بەوپێیە مەسەلەی سەرەکی لەونێوەدا تا پێکهاتن و نەهاتنی حکومەت دوای چەندین مانگ لە کەڵەکی هەڵبژاردن، زۆرتر لەرزوتای قەیرانی وجودی و لە چارنەهاتوی ئەم قەوارەیە. هەرەس و دارمانێکی سیاسی پرۆژەیەکی سیاسیە کە هەر ڕۆژێک تێدەپەڕێ زیاتر بێکەڵکی و بێماناییەکەی دەردەکەوێ. پرۆژەیەکی سیاسی کە تا ئەوەی ڕووی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە و بەرێخستنی ژیانێکی سیاسی و ئابوری و سەقامگیریەکی سیاسی و قانونی درێژماوە بوو بێت، زۆرتر قاڵب و چوارچێوەیەکی نیمچە قبوڵکراوی دیفاکتۆ بوو بۆ قاچاغچێتی نەوت و سەروەت و سامانی وڵات و کۆنترۆڵکردنی ژیانی پێنج شەش میلیۆن لە جوغرافیایەکی دیاریکراو کە هیچ پێوەرێکی دنیای ئەمڕۆ نایگرێتەوە.

سەرەنجام ئەم قەوارەیە بەبێ هیچ مەنتیقێک و هیچ پێویستیەک و بەهۆی نارێکخراوبوون و پەرش و بڵاوی و شێواویەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئەو گورزە گەورانەی کە ئەم قەوارە سیاسیە ملیشیاییە و فیدراڵیزمی داوەشاوی عێراقی ئەمڕۆ لەو کۆمەڵگەیەی داوە، هەروەها بەهۆی پێکنەهاتن و سەروسامان پەیدانەکردنی رابەریەکی جیددی و رادیکاڵی سیاسیەوە کە توانای دەربازکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی هەبێ، بەپێوە وەستاوە.

ئێتر نیشانەکانی ئەم پرۆسەی داڕوخانە نەک هەر لە پەیوەندی ئەم قەوارەیە بە دەوڵەتی میلشیاکانی عێراق لەسەر بابەتی نەوت و تەوتین و وەرگرتنەوەی سەلاحیەتی قاچاغی نەوت و داهات و دابەشکردنی موچە، بەڵکو بەتایبەت لەناوخۆی کوردستان و لە پەیوەند بە خودی کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستانەوە بەتەواوی دەرکەوتون. ئەم داڕوخانە ماوەیەکە دەستیپێکردوە. ڕاگرتنی مووچە و وێڵکردنی تەواوی کۆمەڵگە و سەکتەرەکانی ژیانێکی ئاسایی کۆمەڵگە، هەڵپەساردنی تەواوەتی ئەوشتەی کە پێی دەڵێن پەرلەمان و حکومەت و کۆچی بە لێشاوی هاوڵاتیان و لێشاوەگەورەکانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان و توندکردنەوەی دەروازەکانی هەولێر لە دیگەڵە و خان و خانبازی و عەشیرەتیازی و ڕاسانی سەرۆکی خێڵ و عەشیرەتەکان لە هەردوو زۆندا کە بوخۆشی پایەیەکی ئەم دەسەڵات و قەوارە ملیشیاییە بووە، ڕوویەکی ئەم قەیرانە وجودی و ئەم داڕوخانە گەورەیەن.

درەنگ یا زوو ئەم داڕوخانە هەموو ماناکانی خۆی لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکانی لەمە بەدوای کوردستاندا نیشان دەدا. ئەوەی کە ئەم داڕوخانە سور و خوێناوی و دەردناک دەبێ، ئەوەی کە لە بەندوبەستێکی سەروخەڵکیدا لەگەڵ بورژوازی مەرکەز ئەم داڕوخانە بەشێوەیەکی کۆنترۆڵکراو و لەسەروی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە یەکلادەکەنەوە، یانیش بە قازانجی رزگاریەکی موتەمەدنانە لەو کۆنەپەرستیە سیاسیەی ئەمڕۆ دەچێتەپێشەوە، پرسیارێکی هەنوکەیی چارەنوسسازە لە کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئێستادا. کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هاوشانی تۆری فراوانی هەڵسوراوان و رابەرانی رادیکاڵ و ئازادیخواز و چەپی کۆمەڵگە ئەرکێکی دەستبەجێیان ئەوەیە کە نوێنەرایەتی خواستی ئەم کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیە کرێکار و زەحمەتکێشە بکەن بە ئاراستەی رزگاریەکی سیاسی موتەمەدنانە و رادیکاڵ.

رۆژانی داهاتو لە مێژووی کوردستاندا رۆژانێکی چارەنوسسازن کە جارێکیتر مەسەلەی چارەنوسی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی دەخاتە دەستوری رۆژەوە.

★

# ئاراستەی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران

عوسمانی حاجی مارف

هەرچەندە قەیرانی سیاسی و ئابوری لە ئێراندا هێشتا ئەو دۆخە ئاشکرا ناکات کە ئاماژەبێت بۆ لاوازی کوشندە لە ڕژێمدا، بەڵام بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی بەرەکانی شەڕ، لەسەر شەقامەکان یان لەناو هۆڵەکانی دەسەڵات لە تاراندا، ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە گۆڕانێک بە خۆیەوە ببینێت.

سەبارەت بە گۆڕینی ڕژێم لە ئێران، سەرەتای شەڕ، ئیسرائیل سەرقاڵی ئەوە بو لە بانگەوازەکانیدا، ڕایدەگەیاند: "کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی ئێران لە دەوری ئاڵاکەی و میراتی مێژوویی خۆی بە وەستانەوە بۆ ئازادی لە بەرامبەر ڕژێمی خراپ و چەوسێنەردا یەکبگرن". پێدەچێت ئیسرائیل بە هیوای ئەوە بوبێت کە بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەدا، چاوەڕێ بوبن لەڕێگەی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە کۆتایی و دارمانی ڕژێمی ئێران بێت!، بەڵام دواتر بەدوای لێدانی موشەکەکانی ئێران لە تەلئەبیب و حەیفا و قودس... بۆردومانکردنی ئەتۆمەکانی نەتەنز و ئەسفەهان و فۆردۆی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، دوای دوازدە ڕۆژ ئیسرائیل و ئێران ناچار بە ئاگر بەست بون، کە ترەمپ لەڕێگەی نێوەندگیری قەتەرەوە ڕایگەیاند، ڕێککەوتنی ئاگربەست کراوە، بۆماوەیەکی نادیار.

لەگەڵ ئەوەشدا دیمان کە سەعاتەکانی کۆتایی پێش جێبەجێکردنی ئاگربەست لە هەردوولاوە بۆردومانێکی چڕی بێوێنەی بەخۆیەوە بینی، لەسەرەتای ڕووبەڕووبونەوەکەوە توندترین و توندوتیژترین لێدانیان ئاڵوگۆڕ کرد و ژمارەی قوربانییەکان و گرژییەکانیان زیادی کرد.

پرسیارێک کە بۆ دوای ئەم ئاگربەستە دەکرێت ئەوەیە، کە ئایا ئێرانییەکان لەڕاستیدا جارێکی دیکە ڕادەپەڕن، وەک چۆن لە ڕابردوودا چەندین جار هەیانبووە، لەوانە ڕاپەڕینی خوێندکارانی ساڵی ١٩٩٩، بزووتنەوەی سەوزی ٢٠٠٩، ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکانی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ تا مانگی ژانویەی ٢٠١٨، ناڕەزایەتیەکانی "نۆڤەمبەری خوێناوی" لە ساڵی ٢٠١٩ و ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" ساڵی ٢٠٢٢. لەوەش گرنگتر، ئەگەر ئەوان هەستن، ئایا کۆماری ئیسلامی ئەوەندە ناسکە کە ڕەنگە ملکەچی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەو شێوەیە بێت؟.

گرنگترین نیشانە لاوازیەکانی ڕژێم پێشبینی بکرێت تا بگەین بەو ئەنجامەی کە گۆڕینی ڕژێم ئەکرێت بەرجەستە دەرکەوێت.
کاتێک هێزە ئەمنیەکان نەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر کۆببنەوە یان لەوەش خراپتر دەست بکەن بە چۆڵکردنی سەربازگە و بنکەکانیان، دابەشبوونی گشتی لەنێوان نوخبە سیاسیەکان سەرهەڵبدات و بەرپرسان بە ئاشکرا کشانەوەی خۆیان ڕابگەیەنن (ڕاپۆرتێکی نوێی "واشنتۆن پۆست" باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل هەڕەشەیان لێدەکات بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن)، کەمبونەوەی خۆراک و سوتەمەنی و لاوازبونی زیاتری خزمەتگوزاریەکان، گەر جارێکی تر بەشێوەیەکی بەرفراوان ناڕەزایەتی جەماوەری سەرهەڵداتەوە، لە هەمانکاتدا هێرشکردنە سەر باڵەخانە سەربازی و حکومیەکان، لەوانەش گرنگتر گەر کرێکارانی ئێران لە پیشەسازیە گەورەکانی نەوت و وەبەرهێنان مان بگرن، کاریگەری جدی و خێرا لە ڕژێمی ئێراندا ڕوئەدا.



هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە سەرەڕای ڕزینی ناوخۆی ڕژێمی ئێران بەهۆی گەندەڵی سیستماتیکی و دزەکردنی هەمەلایەنەی سیخوڕی ئیسرائیل، هاوکات کۆماری ئیسلامی لە ژێر هەندێک بارودۆخدا تا دێت لاوازتر دەبێت، بەڵام بۆ تائێستا لە ژیانداپە؟ بۆیە پێویستە

بەڵام ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا هیچ کام لەم نیشانانە نەبوتە دیاردەیەکی بەرچاو، زۆربەی دانیشتوانی ئێران هەناسەیان ڕاگرتووە و چاوەڕێی ئەوەن بزانن ئایا ئاگربەستەکە دەتوانێت بەردەوام بێت و دەرگیری هێرش و شەڕێکی تر نابنەوە، بەتایبەتی کە ململانێکان

بە قوەتی خۆیان ماون و هیچ شتێک یەکلایی نەبۆتەوە، بەتایبەتی لە حاڵەتی دوبارە بونەوەی شەڕ و ڕاگرتنی یەکسانی ئاستێک لە هاوسەنگی لە شەڕەکەدا بۆ ئێران، شانسی مانەوەی ڕژێم زیاتر دەکات. لەلایەکی تریشەوە حکومەتی ئەمریکا ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە پێشهاتی گۆڕانکاری لە ئێراندا ئەگەرێکی دور نیە، بۆیە چاودێری ئەوە دەکات بۆ ئەگەرەکان خۆیان ئامادەدەکەن. ئەمریکا لەدۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نایەوێ دەرگیری جەنگێکی درێژخایەن بێت لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو چاوەڕی رووداوەکان دەکات. بەڵام ئەگەری ڕووخانی ڕژێمێکی پاوانخواز کە زیاتر لە چوار دەیە وێرانکاری لە ناوچەکەدا کردووە، گەورەترین ناهەقی و سەرکوتکردنی بە دانیشتوانی ئێران کردووە، هەیەو ڕاگرتنی ڕژێمێکی لەو چەشنە ئاسان نیە! بەڵام پێناچێت لەم بارەیەوە تا ئێستا ئەمریکا توانیبێتی ئامادەکاریەک ئەنجام بدات و ئەلتەرنەتیفێکی بەمتمانەو سەرکەوتوی پاشکۆی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خۆی بۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی ئێران ڕاگەیەنێت، هەر بەو مانایەش ڕوخانی کۆماری ئیسلامی ڕاناگەیەنێت.

ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی ئاگربەست لەلایەن ترەمپەوە، بەبێ ڕاگەیاندنی هاوکات لەلایەن لایەنەکانی دیکەی شەڕەکەوە، ترامپ ئامانجی ئەوەبو، وەک لایەنی دەستپێشخەر وەسفبکرێت، بەبازاڕکردنی ڕۆڵی خۆی کە هەوڵی ئاشتیی داوە، تاپێگەی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەهێزتر بکات!.

لەگەڵ ئەوانەشدا هەرلایەک چۆن ئاکامی ئاگربەستەکە بەسەرکەوتن بۆ خۆی هەژماردەکات، یان ئێران توانی گورزی توند لە ئیسرائیل بدات و هاوسەنگیەک لە ئاستێکدا ڕاگرێت، بەڵام لەم نێوانەدا ئەتوانین بڵێین ئێران بەبێ مەرج و دەستکەوت لە ڕووی سیاسیەوە تەسلیم بووە، ئەمەش لێکدانەوەیەکە کە ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵی سەپاندنی دەدەن، بەوپێیەی پێشتر پێشنیاری بژاردەی تەسلیمبونی سەربازی یان سیاسی لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش بە تاران کرابوو، بەڵام ئەنجامگیری واقعی بۆ ئەم تەسلیم بونە، دواتر ململانێ و دانوستانەکانی نێوانیان دەریدەخات!.

دوابەدوای ڕێکەوتنی ئاگربەستی نێوان ئێران و ئیسرائیل، لایەنە جیاجیاکان کار بۆ ئامادەکردنی زەمینە بۆ قۆناغی داهاتوو دەکەن. بەرپرسانی ئەمەریکا ئاماژەیان بە ئەگەری دەستپێکردنەوەی دانوستانە ئەتۆمیەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتودا کردووە.

ئەگەرچی ڕێژیمی ئێران بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لاواز بووە، زیانێکی بەرچاوی ئابووری لە ئێران کەوتوەو وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیلدا ڕوویداوە. ئەوەی جێگای سەرنجە تائێستا ئێران خۆراگری پیوەدیارە، ئەمەش بۆ چین و ڕوسیا پێشهاتێکی ئەرێنییە. هەرچەندە هیچ کام لەو وڵاتانە ئامادە نەبوون لە ڕووی سەربازیەوە یارمەتی ئێران بدەن و دەستوەردان بکەن لە شەڕێکدا بە دژی ئیسرائیل، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لەڕێگەی پەیوەندیەکانیان بە ئێرانەوە لە دانوستانەکاندا پشتیوانی بۆ ئێران نیشان بدەن.

لە ماوەیەکی نزیکدا ئێران بۆ پتەوکردنی هەڵوێستەکانی لە وتوویژەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا، گومانی تیا نیە کە داوای پشتیوانی دیپلۆماسی لە پەکین و مۆسکۆ دەکات. واپێدەچێت هەردوولایان ڕوسیا و چین زیاتر لە ئامادەیدا دەبن بۆ ئەوەی ئەم داواکاریە لەخۆبگرن، تەنانەت ئەگەر تەنها بۆ ڕوبەڕوبونەوەی واشنتۆن و هاوپەیمانەکانیشی بێت. هەروەها چین داوای دڵنیایی دەکات کە ئاگربەستەکە بەردەوام بێت و بازرگانیکردن لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە بێبەربەست بمێنێتەوە. جگە لەوەش چین هەوڵدەدات ئەم ڕووداوە بقۆزێتەوە بۆ پێشخستنی دەستپێشخەری ئاسایشی جیهانی خۆی لە دژایەتیکردنی ڕێبازی ئەمریکا لە کاروباری نێودەوڵەتیدا. بەهەمانشێوە، پێدەچێت ڕوسیا بەجۆرێک فەرامۆشی ئیدانەکردنی فەرمی چالاکیە سەربازیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بکات، زیاتر پێشنیاری چونەپێشەوەی دانوستانەکان دەکات.

هەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕۆڵە ئەگەریانە، لە هەمانکاتدا ئەمریکاش هەوڵی دوورخستنەوەی چین و ڕوسیا ئەدات، چونکە بەشداریکردنی چین و روسیا تەنیا پێگەی دانوستانکاری ئێران بەهێزتر ناکات، بەڵکو لەهەمانکاتدا کاریگەریی پەکین و مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاد دەکات.

لە کۆتاییدا، ڕەنگە دانوستانەکانی داهاتوو بە پلەی یەکەم لەسەر داهاتووی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران بێت، بەڵام لە سەردەمی ئەم ململانێ جیهانیە بەرفروانەدا، ئیدارەی ترەمپ ناتوانێت ئاگاداری ئەوە نەبێت کە کاردانەوەکان زۆر زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژدەبێتەوە. بەم پێیە دەبێت بەرپرسانی ئەمریکا ئامادەبن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئارگیومێنتەکانی ڕوسیا و چین، وەک تۆمەتبارکردن بەوەی واشنتۆن یاسا نێودەوڵەتیەکانی پێشێل کردووە.

لەهەمانکاتدا دوای ئاگربەست کۆماری ئیسلامی بمێنێتەوە یان نا، دۆخەکە لە ئێران زۆر جیاواز دەبێت، چونکە ئەو زەمینەیەی کە ئێران تێیدا دەژیا، گۆڕانکاری جدی بەسەردا هاتووە، هەربۆیە لەودیو پەردەوە لە ناو سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیدا باس لە جێنشینی خامنەیی دەکرێت، باس لەسەر سەرکردەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئێران بە ئاراستەیەکی نوێدا ببات، ئەمەش پێشهاتێکی چاوەڕوانکراوە.

# دەوڵەت و دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا

مەنسوری حیکمەت

باسیکی دیکەمان باسی دەوڵەتە. باسی دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا، کە بابەتیکی جیاکەرەوەی رەوتە جیاوازەکانی سۆسیالیزم بووە. کەسانیک کە پێداچوونەوە بەم چەمکەدا دەکەن و کەسانیک کە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن. ئایا ئێمە باوەرمان بە دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا هەیە یان نا؟ بەگشتی ئەم فۆرمۆلبەندیە چی بەسەر دێت؟ چونکە زۆریک لە چەپەکان پشتگوێیان خستووە. کاتێک ئەم دروشمەی دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا دەخرێتە روو، کاتێک لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا دێت، وشەی "دیکتاتۆری" ئەو مانایەی نییە کە ئەمرۆ لێی تێدەگەین (واتە) حوکمەتێکی سەربازی). دیکتاتۆری تەنانەت بە مانای "حوکمەت"یش بەکارهاتووە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتێک هەیە و ئیرادەیەک هەیە کە دەسەپێنیرێت. باسی مارکس و مارکسیستەکان سەبارەت بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ئەوە بوو کە کۆمەڵگا هەرچۆنیک بێت دیکتاتۆریەکی چینایەتیە. تەنانەت لە لیبرالترین دەوڵەتەکانی رۆژئاوادا، بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی و ئابووری و ئاسۆیەکی سیاسی چینایەتی دیارکراو بەرێوەدەبرێت. هەموو کاتێک سەبارەت بە چارەنووسی کۆمەڵگا راپرسی ناکرێت. کاتێک هەڵبژاردن لە نێوان سۆسیال دیموکراسی و موحافەزەکاراندا دەکرێت، تۆ لە چوارچێوەی دیکتاتۆریەتێکی دیاریکراودا ، دەستەی بەرێوەبردن و دەزگاکانی دیاری دەکەیت. بەڵام لە بنچینەدا، ئەم دەسەڵاتە کە پشت بە بازار، بە خاوەندارییەتی تایبەتی، بە بەبنەما وەرگرتنی پێشبرکێ و تاکگەرایی دەبەستێت، ناگۆرێت. هەرگیز لە کۆمەڵگای ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، کەنەدا یان ئەمریکادا سۆسیالیزم بەشێک نیە لەو بابەتانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ. هەرگیز خاوەندارییەتی هاوبەش یەکێک لە بابەتەکانی هەڵبژاردن نییە. هەڵبژاردن لەچوارچێوەی خاوەندارییەتی تایبەتیدا بەرێوەدەچێت

بۆیە، ئەگەر تۆ ئەوە قبوڵ بکەیت کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای خاوەندارییەتی فەردی، خاوەندارێتی تایبەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە، ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەیت کە کۆمەڵگا بۆنمونە دەوڵەتێکە کە سوپای هەیە، دادگای هەیە، زیندانی هەیە، ئەگەر وادابنێیت کە یاساکانی ئەو وڵاتە بۆنمونە ئەو پیرۆزیە دەدات بە خاوەندارییەتی و یان ئەو جێگاو رێگایە بۆ یەکیتیەکان قبوڵدەکات. یان کری و هەقدەست بە رەسمی دەناسێت وتەنانەت کۆمەڵگا لەسەر بنەمای کری و هەقدەست دامەزراوە، ئەوا دیکتاتۆریەتێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکرێت، بەدەر لەوەی چەندجار هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ یان نادرێ. ئەمە دیکتاتۆریەتی بورژوازییە کە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بە شێوەی پەرلەمانی جێبەجێ دەکرێت.

دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش بەهەمان مانا دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە کە بەرنامەی ئابووری چینێکی دیکە دەبێتە بنەمای کۆمەڵگا. خەریکن هەوڵ دەدەن خاوەندارییەتی تایبەتی هەڵوەشێنرێتەوە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، هەوڵ دەدن کری لەناوبەرن ، چەمکی پارە ئەمێنێ، خەریکن بە هەموو کەسێک بە پێی پێویستییەکانی بدەن. بەڵام لەوانەیە ئەمە بە رێگەی هەڵبژاردنی شورایی ئەنجام بدرێت و هەموو کەسێک مافی دەنگدانی تێدا هەبێت. هەرکەسێک ئەندامی شورای شار و ناوچەکەی خۆیەتی و لە هەزار و یەک جێگادا دەتوانێ کاندید بێت و لە هەزارو یەک هەڵبژاردندا بەشداری بکات، بەڵام ئەو راستییەی کە لە حوکمەتی کرێکاری یان دیکتاتۆری پرۆلێتاریادا هەمووان مافی دەنگدانیان هەیەو لەشورا جۆراوجۆرەکاندا دەتوانن ئەندام بن و بنە نوێنەر، هیچ شتێک لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەمە هەر دیکتاتۆریەتی یەک چینە. دیکتاتۆریەتی چینێکە بەو مانایەی کە بەرنامەی کارو ئەڵتەرناتیڤی کۆمەلایەتی یەک چینی دیاریکراوەو ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە کەخەریکە جێبەجێ دەکرێت.

لەبەر ئەوەشە کە گۆرینی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە دیکتاتۆری بورژوازی تەنیا لە رێگەی راپەرینێکی دژە شۆرشەوەیە کە دەتوانرێ بەکردەوە دەربهێنیرێت، نەک لە رێگەی هەڵبژاردنەوە. بەشێوەیەکی کرداری ، تەنیا رێگەیەک بۆئەوەی ئێوە بۆنمونە لە وڵاتی ئینگلتەرەدا هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارییەتی تایبەتی بکەیت بە بابەتێک کە خەڵک لەبارەیەوە رای خۆیان بڵێن، ئەوەیە کە پرۆسەی پەرلەمانی تێپەرێنیت. مەسەلەکە توندوتیژبوون یان نا توندوتیژبوونی پرۆسەی سیاسی نیە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا پەرلەمانییە یان نا؟ هیچ کاتێک لەچوارچێوەی سیستمێکی پەرلەمانیدا ئێوە رووبەرووی پرسیاری "سۆسیالیزم بەڵێ یان نەخێر" نابنەوە تا بچیت و دەنگی پێبدەی. بەڵام لە کۆمەڵگای ئینگلتەراش، بۆ ئەوەی خەڵک سۆسیالیزم پیادە بکەن، دەبێت زیاتر لە پەرلەمان برۆن و کارێک بکەن لە دەرەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی ئێستا.

لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیشدا هەر بەم شێوەیە. هەتا کەسێک نەیەت و هەڵیوەشێنێتەوە، ئەو هەر یکتاتۆری پرۆلیتاریایە، (هەڵبەتە دواتر دەچمە سەر بابەتی لەناوچوونی دەوڵەت)، بەڵام " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەمانای دیکتاتۆری بەمانای ئێستای ووشەکە" کە لەرۆژنامەکاندا دەربارەی دەسەڵاتە پۆلیسی و سەربازییەکان بەکار دەهێنرێت، نیە. دیکتاتۆری بەو مانایە نییە کە مافی مەدەنی خەڵک هەڵوەشێنرێتەوە یان سنووردار بکرێت! بەپێچەوانەوە!

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کۆمەڵگایەکە کە تیایدا مافی مەدەنی خەڵک بەشێوەیەکی فراوانتر پارێزگاری لێدەکرێ و خەڵک دەرفەتی زیاتریان هەیە بۆ بەشداریکردن. ئێوە خۆتان بزوتنەوەی شوراییلەبەرچاو بگرن و بەراوردی بکەن لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا. لە سیستەمی پەرلەمانیدا، هەر چوار یان پێنج ساڵ جارێک، نزیکەی ٤٠٪ بۆ ٦٠٪ی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی یەکرۆژەدا دەنگدەدەن. لەم وڵاتەدا، هەر کەسێک بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەنگی زیاتر بێنێت، نوێنەر دیاری دەکات. واتە، ئەگەر یەک کەس ٣٠٪ یەکێکی تر ٢٠٪ و یەکێکی تر ٤٠٪ی دەنگەکان بباتەوە، ئەو ا ئەو کەسەی کە٤٠٪ ی ئەو ٤٠٪ی بەشداربووانی بەدەستهێناوە، دیاریدەکات کە نوێنەری ئەو شارە کێ دەبێت. ٤٠٪ ی خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن، ٤٠٪یان دەنگیان دەدەن بە »نیو لێبەر«، و بەوجۆرە ئەم کەسە بە ٢٤٪ی دەنگی شارەکە دەتوانێت بە تەنیا نوێنەری شارەکە بێت.

ئەمە ئەو سیستەمەیە کە ئێستا هەیە. سیستەمی شورایی پشت بەوە دەبەستێت کە تۆ هەموو ڕۆژێک لە شورای ناوچە و گەڕەکەکەت بەشداریت، خۆت بۆ هەر پۆستێک کاندید دەکەیت، لەوانەیە ژمارەی هەڵبژاردنەکان کە کەسێک لە ماوەی چوار ساڵدا تیایدا بەشداری دەکات، ٥٠ هێندەی ئەوە زیاتربێت کە کەسێک دەبێت لە سیستەمی پەرلەمانیدا بەشداری بکات. سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە خۆی لە پێکهاتەی سیاسیدا بەشدارە. ئەو شورایە هەم یاسادانەرەو هەم جێبەجێکاریشە. بۆیە، باسی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا باسی مافی دەنگدان یان مافە مەدەنیەکان نییە، باسی ئەوەیە کە ئاسۆ و بەرنامەی کۆمەڵایەتی کام چین بە بنەما وەرگیراوە. بڕیارەکان لەسەر بنەمای کام بەرنامەی کۆمەڵایەتی خەریکە جێبەجێ دەکرێن. لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە ئەم دروشمە بەرزدەکەینەوە. سەرەنجام ڕێک لەبەرئەوەی کە تێگەیشتنی خەڵک لە دیکتاتۆری بە بەراورد بە ١٥٠ ساڵ لەمەو پێش گۆڕاوە و کاتێک بە خەڵک دەڵێیت "دیکتاتۆری"، بیریان بۆلای پینۆشە یاخود شاهنشا یان مارکۆس یان حوکمەتی ئێران دەچێت، ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا بەوجۆرە باسمانکردوە کە ؛ " حکومەتی کرێکاری کە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ناودەبرێت، ئەمەیە... و ئێمە هەربەوجۆرەش بەرگری لێدەکەین." دەمەوێ بڵێم کە مەسەلەکە چەسپ بوون نیە بە فۆرمۆلەکەوە، بەڵکو سەبارەت بە ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیە. ئەوەی کە هەر دەوڵەتێک چینایەتیە، هەر دەوڵەتێک جۆرێک لە دیکتاتۆریەتە، و نەبوونی دیکتاتۆری بە مانای لەناوچوونی دەوڵەتە، نەک بە مانای دەوڵەتی پەرلەمانی. بەتایبەتی ئەم وڵاتە کە زۆر دیکتاتۆرییە. لەم وڵاتەی ئینگلتەرەدا دیکتاتۆریەت زۆر بەهێزە. ئەگەر تۆ بەرامبەر سەرۆکی حیزبێک بوەستیتەوە، لەوانەیە نەتوانیت خۆت کاندید بکەیت بۆ پەرلەمان. ئەگەر پارەی پێویستت نەبێت، ناتوانیت خۆت کاندید بکەیت. ئەگەر نوێنەرێکی "شین فین" سوێندی وەفاداری بۆ شاژن نەخوات، ڕێگای چوونە پەرلەمانیشی پێنادرێت. چ جای ئەوەی لە خودی پەرلەماندا چەندە بڕیار دەدرێت، ئەوە با لەولاوە بوەستێت!

هەر دوێنێ لەم وڵاتە، کۆمپانیای BMW دوای ساڵێک دانوستانێکی نهێنی لەگەڵ کۆمپانیایەکی تر کە دەیەوێت کۆمپانیای ROVERبکڕێتەوە و ئامێرەکانی لیست بکات تا بیفرۆشێت، لەناکاو کرێکاران و حوکمەتیش ئاگاداردەکەنەوە کە کارگەکە سبەینێ دادەخرێت. کێ دیکتاتۆرە؟ خودی حوکمەتی بە ڕواڵەت هەڵبژێردراوی خەڵکی ئینگلتەرا کەمترین ئاگاداری لە ئەنجومەنەکەی کە ئاسانە نیە، حکومەتەکەی کە دەبێ بەپێی ئوسوڵ ئاگادار بێت، هیچ ئاگاداری نیە کە BMW خەریکە ROVERدەفرۆشێت و ٥٠ هەزار کەسیش بێکار دەبن. ئەمە بۆ هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە مانایەکی کرداری هەیە. ٥٠ هەزار کرێکار لە ناوچەیەک بێکار ببن، واتە ئەو ناوچەیەش دەمرێت. لە پزیشکیەوە تا کەمکردنەوەی تاوان، تا کێشەی خانووبەرە، هەمووی لەناو دەچێت.

لەسەر ئەم بڕیارە کە دەربارەی چارەنووسی ناوچەیەکی فراوانی وڵاتە، تەنانەت پەرلەمانیش نەخشێکی نەبووە. بۆچی؟ چونکە بابەتەکە ئابوریە. چوارچێوەی ئەو ئابووریەش خاوەندارییەتییە، خاوەندارییەتی ئەو سەرمایەیە لە دەستی BMWدایە، ئەگەر بیەوێت دەیفرۆشێت، ئەگەر نەیەوێ نایفرۆشێت. ئەگەر ئەمە دیکتاتۆری نییە، ئەی چییە؟ من و تۆ و ٥٠ هەزار کرێکاری ROVERهیچ ڕۆڵێکمان نییە لە بڕیاردان لەسەر ئەم هێزی بەرهەمهێنانە لە ناوچەکەدا. دادەخرێت و دەڕوات بەلای کاری خۆیەوە بەهەرحاڵ جێگاورێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بۆ ئێمە ئەمەیە.

ئایا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا واتە تەنیا کرێکاران حوکمەت دەکەن؟ بەڕای من هەرگیز وانییە. وەک وتم، بۆچی پرۆلیتاریا دیکتاتۆری بەڕێوەدەبات؟ بۆئەوەی ئەو چینەی کە دژی ئەم دیاردانەیە، سەرکوتی بکات. هەر وەکو چۆن بێبەشکردنی چینی کرێکار لە بەشداری سیاسی، مانای ئەوە نییە کە کرێکاران لە مافی دەنگدان بێبەش دەکرێن. بەهەمان شێوە لەو کۆمەڵگایەشدا هەموو کەسێک دەچێت و دەنگی خۆی دەدات و لە شورادا بەشداری دەکات. پرسیار ئەوەیە کە دیکتاتۆری دژی چی پیادەدەکرێت؟ دژی ئەو بەرگریەیە کە ڕەنگە پارێزەرانی خاوەندارییەتی تایبەت پێی هەستن و ئەرکی ئەو دەوڵەتە ئەوەیە کە چینێک لە ژێر کۆنترۆڵدا بهێڵێتەوە. ئەگەر لەگەڵ بورژوازیدا بەرەورووە ، ئەوا بورژوازیش دیاردەیەکی جیهانییە.

**بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری**
**(سیمیناری دووەم)**
**وتاری مەنسوور حکمەت**
**لە ئەنجومەنی مارکس/ لەندەن**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:**
**موحسین کەریم**

# شەڕی میلیشیا عەشیرەتیەکان!

**موحسین کەریم**

٩ی ٧ی ٢٠٢٥

دوای ئەوەی کە لەماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لەنێوان بەشێک لە عەشیرەتی هەرکی لە ناوچەی خەبات لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی هەرێم/ پارتی دەستی پێکرد کە کوژراوو بریندراری لێکەوتەوە، سەرەنجام بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، نوێنەری نێچیرڤان بارزانی سەردانی خورشید هەرکی، سەرۆک عەشیرەتی هەرکی لەو ناوچەیە کرد کە هاوکات فەرماندەیەکی پارتیشە. هەواڵەکان سەرەتا وایان دەردەخست کە ناوبراو ئامادەنیە خۆی ڕادەستی حکومەت بکات کە دیارەداواکاری نوێنەرەکەی نێچیرڤان بووە. بەلاَم هەواڵەکان ئەم ئێوارەیە باسیان لەوەکرد کە ناوبراو چووەتە هەولێر و خۆی ڕادەستی حکومەت کردوە. ئەوەش دوای ئەوە هات، کە سەرجەم ئەو هێزانەی دەوری دێیەکەو ماڵەکەی ناوبراویان گەمارۆدابوو کشانەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنەکان، ئەم کێشەیە دوای ئەوە گەورە بوو کە هێزێکی زۆری پارتی لە پۆلیس و ئاسایش و هێزە تایبەتەکان، بەمەبەستی دەستگیرکردنی خورشید هەرکی چواردەوری ئەو دێیە دەگرن کە ماڵی ناوبراوی لێیە، لەبەرئەوەی لەلایەن یاساوە داواکراوە لەسەر کێشەی زەوی و زار کە لەنێوان عەشیرەتی هەرکی و عەشیرەتی گۆران دا ڕوویداوە! خورشید هەرکی پارتی و حکومەت تاوانبار دەکات بە ڕودانی شەڕەکەو دەڵێ کە ئەوان بەرگری لە خۆیان و مافی خۆیان دەکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە، بەشێک لە میدیای ئۆپۆزیسیۆن، وەکو ئەوەی خورشید هەرکی پەیامی ڕزگاری خەڵکی بەرامبەر بە دەسەلاَتی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی پێبێت، کەوتونەتە ستایشی ناوبراو و خەریکن وێنەی پاڵەوانێکی ڕزگاریبەخشی لێدروست دەکەن.

بێگومان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەسەلاَتدارانی هەرێم و بەپلەی سەرەکی هەردوو حزبی دەسەلاَتدار، یەکێتی و پارتی، بنەمای دەسەلاَتەکەی خۆیان لەسەر هێزی میلیشیا داناوە، بۆئەومەبەستەش دەیان سەرۆک عەشیرەت و سەرۆک هۆزیان لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، چەکداریان کردوون و لە داهاتی خەڵکی کوردستان مووچەی دەیان چەکدار و موریدی دیوەخانی ئەو سەرۆک هۆزو عەشیرەتانە دابین دەکەن، خۆشیان وەکو بەرپرسانی باڵای ئەو حزبانە دەرگای دەوڵەمەندبوونیان بۆخراوەتە سەر پشت و وەکو پادشاو مەلیک ژیان بەسەر دەبەن. چەند ڕۆژ لەمەوبەریش لە ناوچەی ڕاپەڕین، سەرۆک هۆزێک کەوتە بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی و هەڕەشەی چەکداری دەکرد، لەکاتێکدا ناوبراو خۆشی لەسەر یەکێتی هەژمار دەکرد! ئەم عەشیرەتە چەکدارانە، کە هەربەشێکیان سەر بە یەکێک لە پارتی و یەکێتین، هەمیشە وەکو پاساوێک بۆ دەستێوەردانی ئەو دوو حزبە لەدژی یەکتری لە ناوچەکانی ژێردەسەلاَتی یەکتر، بەکارهێنراون. بگرە وەسیلەیەکی گونجاویشن بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەو حکومەتی ناوەندی لە دۆخی ناجێگیر و لەرزۆکی سیاسی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا.

ئەو دۆخە سیاسی و ئەمنیەی کە ئەمجۆرە کێشەو پێکدادانە سەربازیانە دروستی دەکەن، نەک لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی ڕەوای ئەوان نیە دژی دەسەلاَتدارانی تالاَنچی و دوو حزبی میلیشیایی خۆسەپێن بەسەر خەڵکدا، کە ئامادەنین هیچ بەرپرسیاریتیەک بەرامبەر بە ژیان و گوزەران و ئایندەی خەڵکی کوردستان لەخۆ نیشان بدەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەزیانی ئەو خەباتە دەشکێتەوە. دۆخی نائارامی و جەنگی میلیشیا عەشیرەتیەکان و سەرکردەکانیان هەلومەرجێکی خەتەرناک و خراپ بۆ نارەزایەتیەکانی خەڵک و گەیشتن بە ئامانجەکانیان دروست دەکات. بەرژەوەندی خەڵک و خواست و داواکاریەکانیان و خەباتی بەرهەقی ئەوان بۆ نان و گوزەران و ئازادی و ئایندەیەکی ڕوناک و ئینسانی لەگەڵ بەرژەوەندی تاقمێک سەرکردەی میلیشیاو عەشیرەتدا هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نیە.

هەراوهۆریای هەڵپەرستانەی میدیای بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەوەی کە یاخیبوونی خورشید هەرکی و عەشیرەتەکەیان وەکو بەشێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی و خرۆشانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەدژی دەسەلاَتی چەوسێنەرانەی پارتی و حکومەتە هاوبەشەکەی لەگەڵ یەکێتیدا ناوزەدکرد، دوای خۆڕادەستکردنی ناوبراو بە پارتی کە دیاریش نیە چارەنوسەکەی چی دەبێت، نەک هەر وەکو میزەلاَنێکی تەقیوی لێبەسەرهات، بەڵکو ساویلکەیی سیاسی و دووری و ناتەبایی ئەوانیشی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو جەماوەرە نارازیە نمایش کرد بەوەی کە پشتگیری هەرجۆرە یاخیبوونێکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانە دەکەن و بەناهەق لەسەر خەباتی ڕەوای خەڵک حسابی دەکەن!

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
**عوسمانی حاجی مارف**
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
**دەشتی جەمال**
0044(0)7856032991
dashty jamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان
**فواد سادق**
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com